# العدالة الدستورية من مفهوم فلسفي إلى مفهوم قانوني

شفيق حاجي خضر
shafiq68@gmail.com
د. ريبوار جەبار شخه
Rebwar.jabbar@koyauniversity.org
قام القانون، العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة كويه، هاقليم كردستان، العراق



الكلمات المفتاحية: العدالة، الدستور، دولة(سيادة) القانون، فصل السلطات

**كيفية اقتباس البحث**

خضر . شفيق حاجي , ريبوار جەبار شخه , العدالة الدستورية من مفهوم فلسفي إلى مفهوم قانوني ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
**ROAD**

Indexed مفهرسة في
**IASJ**

# Constitutional justice from a philosophical to a legal concept

**Shafiq Hagi Kheder**
shafiq68@gmail.com

**Dr. Ribwar Abduljabbar Shaikhah**
Rebwar.jabbar@koyauniversity.org
1 paralel student, Hawler, Kurdistan Region, Iraq.
2 Faculty of Humanities and Social Sciences (FHSS), Koya university, Kurdistan region, Iraq

**Keywords** : Justice, Constitution, the rule of law, Separations of powers.

**How To Cite This Article**
Kheder , Shafiq Hagi , Ribwar Abduljabbar Shaikhah ,Constitutional justice from a philosophical to a legal concept ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

To understand the concept of constitutional justice, it is necessary to clarify both of its forming elements that is, justice and the constitutional aspect. This constitutional nature is reflected in three key points, in order to accurately attribute the label of constitutional justice to it. These include the rights and freedoms that are enshrined in the constitution and guaranteed protection according to constitutional principles, along with the presence of an independent judiciary within both the legislative and executive authorities. The third point is the existence of a supreme or constitutional court that oversees the constitutional conformity of all laws, decisions, and administrative directives of the state. To this end, justice must first be addressed as a multidimensional concept from a philosophical perspective. It is clear that justice is both a practical and

legal concept, and therefore philosophy has shed extensive light on this complex issue. In this breakdown, special attention has been given to the views and theories of two important philosophers—one from ancient Greece and the other from the modern era—who have profoundly influenced the definition of justice and its legal dimension. This is because later philosophers were often influenced by the intellectual legacy of these thinkers and built upon their broad conceptualization of justice. These two philosophers are Aristotle and John Rawls. Furthermore, attention must be given to the principle of separation of powers, which is a foundational element of the rule of law. The second discussion is devoted to three demands for changing the concept from philosophical to legal: how it is discussed, how it is discussed, how it is established within the framework of the constitutions of countries, and how it is reviewed and monitored by the Supreme Court. We have given examples of Western European countries, where the concept is reflected in the philosophical, legal and political aspects of the rule of law. The most important issue of separation of powers and how to achieve constitutional justice has also been resolved .For clarity, at the end of the study, a list of some of the terms used in the opposite sense is provided.

**الملخص**

لفهم مفهوم العدالة الدستورية، من الضروري توضيح عنصريها المكوّنين، أي العدالة والجانب الدستوري. ويتجلى هذا الطابع الدستوري في ثلاث نقاط أساسية، من أجل إضفاء صفة العدالة الدستورية عليها بدقة. وتشمل هذه النقاط: الحقوق والحريات التي ينص عليها الدستور ويكفل حمايتها وفقاً للمبادئ الدستورية، إضافةً إلى وجود سلطة قضائية مستقلة عن السلطتين التشريعية والتنفيذية. أما النقطة الثالثة فهي وجود محكمة عليا أو دستورية تتولى مراقبة مدى توافق القوانين والقرارات والتوجيهات الإدارية للدولة مع الدستور.

ولتحقيق ذلك، يجب أولاً تناول العدالة بوصفها مفهوماً متعدد الأبعاد من منظور فلسفي. ومن الواضح أن العدالة هي مفهوم عملي وقانوني في آنٍ واحد، ولذلك فقد أولت الفلسفة اهتماماً واسعاً لهذا الموضوع المعقّد. وفي هذا السياق، أُعير اهتمام خاص لآراء ونظريات فيلسوفين مهمّين — أحدهما من اليونان القديمة والآخر من العصر الحديث — واللذين كان لهما تأثير عميق في تعريف العدالة وبُعدها القانوني. ويرجع ذلك إلى أن الفلاسفة اللاحقين تأثروا كثيراً بالإرث الفكري لهذين المفكرين وبنوا على تصوّرهما الواسع للعدالة. هذان الفيلسوفان هما أرسطو وجون رولز.

وعلاوةً على ذلك، ينبغي إيلاء اهتمام خاص لمبدأ الفصل بين السلطات، بوصفه ركناً أساسياً من أركان سيادة القانون. تُخصَّص المناقشة الثانية لثلاثة مطالب لتحويل مفهوم سيادة القانون من مفهوم فلسفي إلى مفهوم قانوني: كيفية مناقشته، وكيفية إدراجه ضمن إطار دساتير الدول، وكيفية مراجعته ومراقبته من قِبَل المحكمة العليا. وقد قدّمنا أمثلة من دول أوروبا الغربية، حيث ينعكس هذا المفهوم في الجوانب الفلسفية والقانونية والسياسية لسيادة القانون. كما تمّت مناقشة أهمّ قضية، وهي فصل السلطات وكيفية تحقيق العدالة الدستورية.

ولزيادة التوضيح، تُقدَّم في نهاية الدراسة قائمة ببعض المصطلحات المستخدمة بالمعنى المعاكس.

## دادپەروەریی دەستوری لە چەمکێکی فەلسەفییەوە بۆ قانونی

شەفیق حاجی خدر[1] ڕێبوار جەبار شێخە[2]
shafiq68@gmail.com
پارالێل. هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Rebwar.jabbar@koyauniversity.org
بەشی قانون، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتی، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کورستان، عێراق

**پوختە**

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دادپەروەریی دەستوری پێویستە هەردوو چەمکە پێکهێنەرەکانی، واتە دادپەروەری و لایەنی دەستوریبوونەکەی شیبکرێتەوە. دەستوریبوونەکەش لە سێ خاڵی گرنگدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆ ئەوەی ئەو وەسفەی بەسەردا بچەسپێ، ئەویش ئەو ماف و سەربەستییانەن، کە لە دووتوێی دەستوردا دەقنووسکراون و گەرەنتی پاراستنیشیان هەر بەگوێرەی دەستورەوەیە، لەگەڵ هەبوونی دادپەروەرییەکی سەربەخۆ لەپاڵ هەردوو دەسەڵاتی قانوندانان و جێبەجێکردندا، خاڵی سێهەمیش هەبوونی دادگایەکی باڵا یان دادگایەکی باڵای دەستورییە، کە چاودێری ڕەوایەتیی دەستوری بەسەر تەواوی قانون و بڕیار و ڕێنماییە ئیدارییەکانی دەوڵەتدا دەکا. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا داپەروەری، وەک چەمکێکی فرەلایەن، لە دیدی فەلسەفەوە شیکراوەتەوە. ئاشکرایە دادپەروەری هەم چەمکێکی ئاکارییە و هەم قانونیش، بۆیە فەلسەفە تیشکی تەواوی خستووەتە سەر ئەم بابەتە ئاڵۆزە. لەم شیکردنەوەیەشیدا جەخت لەسەر دید و ڕامانی دوو فەیلەسوفی گرنگ کراوەتەوە، یەکێکیان لە یۆنانی کۆن و ئەویدیکەش لە سەردەمی هاوچەرخمان، ئەوانەی شوێنپەنجەیان بەسەر پێناسەی دادپەروەری و لایەنی قانونی ئەو چەمکەوە زۆر ڕوون ئاشکرایە، چونکە فەیلەسوفەکانی دوای خۆیان زیاتر لەژێر تیشکی ڕوانینی ئەوانەوە پەرەیان بە پێناسە فرەڕەهەندییەکەی دادپەروەری داوە، ئەوانیش هەریەک لە ئەرستۆ و جۆن ڕاولزن. هەروەها بۆ ئەوەی بە باشی لە واتای سەردەمیانەی چەمکی دادپەروەریی دەستوری تێبگەین، بەتایبەتیش لە چوارچێوەی قانونەکانی دەوڵەتەوە، ئەوا بەگوێرەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، کە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی دەوڵەتی قانونە، درێژە بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە دراوە تا لە بەرڕەوتی باسەکە و بەدواییەکدا هاتنی سەرباس و تەوەرەکانی جێگەی خۆی بە ڕوونی بگرێ.

**کلیلی وشەکان:** دادپەروەری، دەستور، دەوڵەتی قانون، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان

### پێشەکی

وای بەباش دەزانم هەر لە دەستپێکەوە ئاماژە بەوە بکەم، کە هەندێ زاراوەی سیاسی و قانونی لەبەر واتای فرەڕەهەندییان لەوانەیە پێناسەیەکی وردیان بۆ نەکرێ، بەڵکو زاراوەکان وەک چەمک دەمێننەوە. لەڕووی ئەکادیمیشەوە هەر چەندە چەمک و پێناسە خزمایەتییەکی

نزیکییان بەیەکەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەیەک جیاوازن، چونکە چەمک بیرۆکەیە و تێڕوانینێکی لەبارەی شتێک، تا ڕادەیەک ئەبستراکتە و ئاماژە بە نموونە و دیاردە دەکات. لەکاتێکدا، پێناسە دەقاودەق واتای ناواخنەکەی دەدا.

ناونیشانی ئەو توێژینەوەیەش، کە توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە ڕەشنووسی نامەیەکی ماستەر لە ڕشتەی قانونی دەستوریدا، دەکەوێتە بن ئەم پۆلینە. هەر ئەمەش کێشەی سەرەکی توێژینەوەیەکەیە، چونکە هەر بابەتێک لەژێر ناوی دادپەروەریی دەستوری بێت، ئەوا یەکسەر وەک هاوکێشەیەکی دوو جەمسەری شیکراوەتەوە، ئێمەش بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەین تێڕوانینێکی ڕوون بۆ بۆ چەمکەکە بەدەستەوە بدەین، شیکارییانە هەر ئەو شێوازەمان گرتووەتەبەر. هەر بۆیە دادپەروەریی دەستوری وەک چەمک پێویستە پێویستە بۆ توخمە پێکهێنەرەکانی شیبکرێنەوە. ئەو زاراوە و چەمکانەی دادپەروەری پێ پێناسەکراوە، زۆرن. هەر بۆ نموونە هەر یەک لە داد، چاکە، بەخشندەیی، خێر، ماف، زێدەماف، کەڵکبەخشین، شکۆپاراستن، ڕەوشت، ئاکار، ڕەوایەتی هتد...

گرنگی ئەم توێژینەوەیەش خۆی لەچەند خاڵێك دەبینێتەوە، لە سەرەتاوە هاتنە پێشەوەی بابەتەکەیە وەک ئەوەی هاوکێشەیەک بێت، ئیدی لەیەکدانی هەردوو تای هاوکێشەکە، کە هەریەلایەکیان پێشتر خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە، دواتر بەلەیەکدانیان بابەتێکی دیکەی سەربەخۆتر دێنێتەپێشەوە. ئینجا دەرچەی هاو کێشەکە وەک هەردوو دوو لایەنە پێکهێنەرەکەی هەم لە مەیدانی فەلسەفە و دواتریش لە مەیدانی حوکمڕانییدا بە تێکەڵکێشکردنی سیاسەت و قانون، ئاڵۆزی خۆی هەبووە و بووەتە ئامانجی کۆمەڵگە لە دووتوێی قەوارەیەکی سیاسی فەرمانڕەواییدا.

بواری پیادەکردنی ناواخنی چەمکی دادوەریی دەستوری بەکردەوەش بایەخێکی چارەنووسسازانەی لەسەر ڕەوتی فەرمانڕەوایەتی هەبووە و هەیە، چونکە لەدوای ئەوەی دەوڵەتی قانون لە سەدەونیوی ڕابردوودا وەک دەرچەیەکی فەلسەفی و قانونی هاتووەتە پێش، بایەخەکەی ئەوەندە زیادکردووە، پێناسەی دیموکراسیبوون و دادپەروەری و چاکە و ڕەوایەتی و ..هتد بە ئەنجامی بەرجەستەبوونەکەی بەدی دێت.

بۆ لێکدانەوەی بابەتەکەش، کە دەکرێ وەک گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەکە هەژمار بکرێ، پەنامان بردووەتە بەر سەرچاوەی دەستی یەکەم لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی، چونکە پێمان وابووە سەرچاوەکانی بە زمانی عەرەبی و کوردی لەم بابەتەدا زیاتر بۆ سەرچاوە ڕەسەن و ماکەکانی، واتە زمانی ئەوروپایی دەگەڕێنەوە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەش بابەتەکەمان دابەش کردووەتە سەر دوو باسی سەرەکی، هەر باسێکیشیان سێ داواکاریی لەخۆگرتووە. لە باسی یەکەمدا لایەنە فەلسەفییەکە ڕوونکراوەتەوە، واتە دیدی فەیلەسوفان، ئەوانەی لەسەر پرسی دادپەروەری وەستاون، بە دەقاودەقیش دوو فەیلەسوف کە خاوەنی ڕێبازی خۆیانن لەم بابەتە، یەکێکیان لە مێژووی کۆن کە ئەرستۆیە، ئەویدیکەشیان لە مێژووی هاوچەرخ کە جۆن ڕاولزە، بەڵام کاتێک لە هەر یەکێک لەم فەیلەسووفانە دواوین پێشخانی فەلسەفی دیکە و لێکەوتەی دوای ئەوانیشمان هێناوەتەگۆ. هەربۆیە بەگوێرەی بایەخی فەلسەفەی ئەرستۆوە هەر سێ داواکارییەکە بۆ سەردەمی پێش ئەرستۆ و خودی ڕێبازی ئەرستۆ و قۆناغی دوای ئەرستۆ، کە بە شێوەیەکی تەواوعەیار خۆی لە فەلسەفەی جۆن ڕاولزدا دەبینێتەوە دابەش بووە.

هەرچی باسی دووەهەمیشە بە سێ داواکاری بۆ گۆڕانی چەمکەکە لە فەلسەفییەوە بۆ قانونی تەرخانکراوە، ئەویش بەرجەستەبوونییەتی لە چۆنیەتی باسوخواسی سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکە و بەدامەزراوبوونی لەچوارچێوەی دەستوری وڵاتان و پێداچوونەوە و چاودێریکردنییەوە لەلایەن دادگای باڵای وڵاتەکەوە. نموونەشمان بە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هێناوەتەوە، ئەوانەی چەمکەکە بەلایەنە فەلسەفی و قانونی و سیاسییەکە لە دەوڵەتی قانونیاندا ڕەنگی داوەتەوە. پرسی هەرە گرنگی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چۆنیەتی بەدیهێنانی دادپەروەریی دەستورییش یەکلاکراوەتەوە.

هەر بۆ بەرچاوڕوونیش، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لیستێک بۆ هەندێ لە زاراوەکان کراوە ، کە بەو واتایەی بەرانبەریان هاتووە بەکارهێنراون.

**باسی یەکەم: دادپەروەری لە دیدی فەیلەسوفەکانەوە**

بۆ چوونە نێو بابەتەکە وەها پێویست دەکات، سەرەتا لە واتای دادپەروەری لە بەرڕەوتە فەلسەفییەکەی بگەین، چونکە دادپەروەری بەدەر لەوەی زاراوەیەکی قانونی بێ، چەمکێکی فرەڕەهەندە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سەرەتا لە ڕەگوڕیشە فەلسەفییەکەی بکۆڵینەوە، چونکە فەلسەفە زۆر باش لایی لەو چەمکە کردووەتەوە و هەر خۆیشی واتای ئاکاری و کۆمەڵایەتی و قانونی دەرخستووە. لێرەدا بەچەقزانینی فەلەسەفەی ئەرستۆ و لە فەلەسەفەی کلاسیکی یۆنان و جۆن ڕاولز لە سەردەمی هاوچەرخماندا و کاریگەرییان وەک ڕێبازێک بۆ شیکردنەوەی دادپەرەوەریی دەستوری وەک چەمکێکی یەکانگیر و وەک دابەشکردن بەسەر هەردوو پێکهاتەی هاوکێشەکە، واتە دادپەروەری و قانون، ئەمەشیان لەسێ داواکارییدا ڕوون کراوەتەوە، لە داواکاریی یەکەمدا یەکەمدا فەلەسەفەی ئەرستۆ و پاشخانەکەی، ئینجا لە داواکاریی دووەمدا لێکەوتە و کاریگەریی فەلەسەفەی ئەرستۆ لەسەر فەیلەسوفەکانی دوای خۆی بە سەدەکانی ناوەڕست و ڕۆشنگەریشەوە، ئینجا لە داواکاریی سێیەمدا ڕوانینە فەلسەفەییە هاوچەرخەکەی جۆن راولز ڕوونکراوەتەوە.

داواکاریی یەکەم: **جۆرەکانی دادپەروەری لای ئەرستۆ و فەیلەسوفانی کلاسیک**

جارێ بەر لە ئەرستۆ، پێویستە لایی لەو پرسە لای مامۆستاکەی ئەو بکەینەوە. بە بۆچوونی ئەفلاتون دادپەروەری بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە فۆرم و شەقڵی نموونەیی بەستراوەتەوە، بەتایبەتیش شەقڵی باشە کە کۆتا ڕاستییە. کاتێکیش باسی شەقڵ و جەوهەر، یان ڕاستی و خەیاڵ دەکرێ، ئەوا ناکرێ ڕاستی و سێبەرەکەی نادیدە بگیرێ، کە بە تیۆریی ئەشکەوتی ئەفلاتون ناسراوە. ڕێبازی ئەفلاتون بۆ باسکردنەکە ئامانجگیرییە، بە مەزندەی ئەو، دادپەروەری لە خزمەتی ئامانجێکی باڵاتر دایە بۆ گەیشتن بە دەوڵەتێکی نموونەیی. چەمکی ئەو پێوەرسازییانەیە. ئەو پێوەرێک بۆ دادپەروەری دادەنێ کە دەبێ وەهابێ، نەوەک ئەوەی بەڕاستی لەسەر زەمینەی واقیعدا هەیە. ئەم هزرگەراییەی ئەو بەتوندی پێچەوانەی بۆچوونە پراگماتیکییانەکەی ئەرستۆیە، کە دان بە ئاڵۆزی ڕێڕەوشتی مرۆڤ و بونیادی کۆمەڵایەتیدا دەنێ (Plato, 2000. P46).

بەلای ئەرستۆوە دادپەروەری هەر بە تەنیا چەمکێکی قانونی نییە، بەڵکو چاکەیەکی ئاکارییەوە و لە داد و ڕاستەڕێبوونی ئاکاری تاکەکان و لەو پەیوەندییەی لەنێو بۆتەی کۆمەڵگەکەدا هەیانە، بەرجەستە دەبێ. لە دیدی ئەو، دادپەروەر ئەو کەسەیە، کە ڕێڕەوشتی[1] بەگوێرەی چاکەوەیە، کەواتە دادپەروەری بە ڕەفتاری ئاکارییەوە پەیوەستە. ئەو دەڕوانێتە بایەخی ئەو هاوسەنگییەی لەنێوان بەرژەوەندییە دژیەکەکان پەیدادەبێ، ئەوسا پارسەنگدانەوە، یان هاوسەنگکردنی

بەرژەوەندییەکانی تاک لەنێو کۆمەڵگەکەدا، کە گەیشتنە بە ئاستی دادپەروەری. هەر بۆیەشە دادپەروەری لای ئەو دوو لقی سەرەکی لێدەبێتەوە، ئەوانیش دادپەروەریی دابەشکاری و دادپەروەریی ڕاستکردکردنەوەیە( Aristotle, 2009,P120).

دادپەروەریی دابەشکاری: ئەم جۆرە دادپەروەرییەیە، کە دابەشکردنێکی بەویژدانانەی دەرامەت و سامان و شەرەف لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا دەگرێتەوە. ئەم دابەشکردنەش بەندە بە ڕێژەی شایستەبوون یان بەشداریکردنی تاک لە کۆمەڵگەدا. دابەشکارییەکە لەسەر بنەمای یەکسانی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای دادە، واتە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوانەی زیاتر لە پرۆسەی نێوکۆمەڵگەکەدا بەشدارن و خاوەن چاکەی زیاترن، ئیدی ئەوان بەشی زیاتریان لەنێو کۆمەڵگەکەدا پێدەبڕێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هزری هەرەمی جیهانبینیی ئەرستۆیە، بەوەی جیاوازیی تاکەکان دەبێتە مایەی هەبوونی ڕۆڵی جیاوازی و توانستیان لەنێو سیستمی سیاسیدا Aristotle, 1999, p 74-75 .

پرنسیپی یەکسانی ڕێژەیی خاڵی بنەڕەتی داپەروەریی دابەشکارییە لای ئەرستۆ. بەو مەبەستەی هەڵسوکەوتێکی یەکسان لەگەڵ نایەکسانەکان هەروەک هەڵسوکەوتێکی نایەکسان لەگەڵ یەکسانەکان نادادپەروەرییە. ئەم پرنسیپە لای ئەرستۆ بۆ هێنانەوەی بەڵگەوبەندێک لە بەرژەوەندیی هەڵسوکەوتی جیاواز بۆ کەسانی جیاواز لەسەر بنەمای شایستەیی سەردەکێشێ، ئەو بنەما لە گەنگەشەی[٢] هاوچەرخانە بۆ دادپەروەری، دژیەتی. هەر بۆ نموونە، تیۆریی هاوچەرخ بۆ دادپەروەریی دابەشکاری، هەروەک جۆن ڕاولز پێی لەسەر داگرتووە و بە چەمک و زاراوەی دەرفەتی یەکسان دەربڕیوە، شتێکی دیکەیە لەسەر بنەمای دابەشکاریی شایستەیی. بەپێچەوانەوە، ڕوانینی ئەرستۆ زیاتر پەیوەستە بە بیرۆکەی چاکە و بەشداربوون لە دووتوێی کۆمەڵگەدا(NotreDame Law Review, V 17/Issue 2, 1942, p130-133) .

دیارە ڕەگوریشەی دادپەروەریی ئەرستۆ بۆ تێگەیشتن لە شارەدەوڵەت (پۆلس) دەگەڕێتەوە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو، کە دادپەروەری لەنێو شارەدەوڵەتدا پێویستە ڕەنگدانەوەی سروشتی هەرەمی کۆمەڵگەکە بێ، بە جیاوازیی تاکەکان، کە ڕۆڵی جیاواز لەنێو کۆمەڵگەدا دەگێڕن. ئەم ڕۆڵگێڕانەش بۆ سیستمی کۆیلایەتی دەگەڕێتەوە، کە لای ئەرستۆش پەسەند بووە. وەک چۆن دیاردەی کۆمەڵبوون و شاربوون بۆ سروشت دەگەڕێنێتەوە، بەهەمان پێودانگەوە، کۆیلایەتیش هەر وەک دیاردەیەکی سروشتی سەیر دەکا، ئەمەش بۆ دوای خۆی لە ڕوانینی هزری مرۆییەوە جێگەی ڕەخنە بووە. ئەم ڕوانینەش هاوپێچە لەگەڵ لێکدانەوە ئامانجگەراکەی ئەرستۆوە، بەوەی هەموو تاکێک و هەموو بارودۆخێک لە نێو کۆمەڵگەدا ئەرک و پەیامێکی دیارکراوی لە خێرویێری گشتیی هاوبەشدا هەیە.

هەرچی دادپەروەریی دووهەمیشە، شێوەیەکی دیکە وەردەگرێ. دیارە دادپەروەریی دابەشکاری بەندە بە دابینکردنی دەرامەت و سامان، کەچی دادپەروەریی ڕاستکردنەوە، کە لقی دووەمی دادپەروەرییەکەیە تایبەتە بە هەڵە و شاشییەکان و هاوسەنگکردنەوەی تەرازووەکە لەنێوان تاکەکاندا. ئەمەشیان لە دوو شێوەی ڕاستکردنەوەی خۆبەخشانە و ڕاستکردنەوەی زۆرەملێ (ناچاری) خۆی دەبینێتەوە(Aristotle, 1999, p77-79) .

دادپەروەریی ڕاستکردنەوە لەسەر بنەمای یەکسانی ڕۆنراوە. بە پێچەوانەی دادپەروەریی دابەشکاری، کە پەیوەستە بە ڕێژەییبوونەوە، ئەم جۆرەی دادپەروەری پەیوەستە بەو دۆخەی، کە لایەکی هاوکێشەی تەرازووەکە لەسەر دەستی لایەکەی دیکە (لایەنی دووەم) لەنگ بووە و شتێکی لەدەست داوە، یان زیانی پێگەیشتووە. ئیدی ئامانجی دادپەروەریی ڕاستکردنەوە و


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

چاککردنەوەی بارەلەنگەکە و گەڕاندنەوەیەتی بۆ بەر لە دۆخە ناهاوسەنگەکە ( Pakaluk, 2005, p 181-190).

دادپەروەری وەک چاکە و کردەوەش هەیە، کە لێکەوتەی دوو لقەکەی سەرووە. ئەرستۆ دادپەروەری وەک چاکەیەکی سەنترال دەبینێ، کردەوی چاکەش بە گرتنەبەری ڕێوشوێن و ڕێسای ڕاست و دروست بەدیدێت. بەگوێرەی قانون و ڕێسا؛ ئەرستۆ زۆر بە بایەخەوە لە پابەندبوون بە قانونەوە دەڕوانێ، چونکە قانون لە دیدی ئەوەوە لە بەرژەوەندیی گشتی دایە و کۆمەڵگە لە گۆترەکاری دەپارێزێ. ئەمەش لەگەڵ خاڵی سەرەکی ڕێکاری دادپەروەری یەکدەگرێتەوە، بەتایبەتیش کە پێویستە بڕیاردان لەسەر بنەمای ڕێسای پێشوەختەی ڕاست و ڕەوانی چەسپاو دابڕێژرێت.

کەواتە دادپەروەریی لای ئەرستۆ کلێشەیەکی سادە نییە بۆ لەسەرڕۆیشتن و پەیڕەوکردن، بەڵکو تێڕوانینێکی هزرییانەیە، ئیدی لە ئەنجامدا تێهەڵکیشییەک دێتەگۆڕێ، کە بەئاسانی بۆ کەسێکی سادە لەیەک دەرناکرێ، هەروەها دواتر دەکرێ پاساوێکیش بێت بۆ دانانی ئەو لە ڕۆژگارەکەی خۆیدا بە جیاوازی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگای شارەدەوڵەتەکە، کە لێرەدا جێگەی باس نییە.

**داواکاریی دووەم: چەمکی دادپەروەری لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕۆشنگەریدا**

ڕوانینی ئەرستۆ بۆ دادپەروەریی لەدوای خۆیدا دەبێتە سەرچاوەیەک و فەیلەسوفان زیاتر چەمکەکەی ئەویان لێکداوەتەوە و ڕاڤەیان کردووە، ئەگەر شتێکیشیان لێزیادکردبێ، بەڵام لە جەوهەری تێگەیشتنە کلاسیکەکەیان نەگۆڕیوە. واتە پێناسەیەکی دیاریکراوی جیاوازییان نەهێناوەتەوە، تەنانەت هەوڵدراوە ئەم چەمکە بە ڕوانینەکەی ئەرستۆ لەبەرڕەوتی ڕوانینی دینیشدا تێکەڵ یەک بکرێ. هەر بۆیە قۆناغەکانیش بەگوێرەی سەردەمەکان دەگۆڕێ، لێرەدا وەک سەرەداو لە ڕوانگەی جیاجاوە ئاماژەی پێکراوە.

زۆرینەی تیۆرییەکانی دادپەروەریی لە دوای ئەرستۆ بۆ باوەشی بیرۆکەی باو لەبارەی قانونی سروشتی دەگەڕێنەوە. لەنێو ئەوانیشدا تۆماس ئەکوینی (١٢٢٥-١٢٧٤) بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێ، چونکە ئەو یەکێکیشە لە ڕاڤەکارە سەرەکی و بەراییەکانی ئەرستۆ. چەمکی قانونی سروشتی لەسەر بنەمای هزری ئەرستۆیە و لای ئەو قانونی سروشتی لە قانونی هەمیشەیی یەزدانییەوە هاتووە و بە ئاوەزیش دەرکی پێدەکرێ. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە دادپەروەری بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە سیستمی یەزدانییەوە بەندە؛ هەر بۆیە دەبێ قانون ڕەنگدانەوەی پێوەرەکانی ئاکار بێ تا دادپەروەر بێ Tomas van Aquino,1996, p48-50 .

تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی: بە پێچەوانەی تیۆری قانونی سروشتی، دادپەروەری لای هۆبز و ڕۆسۆ لە ئەنجامی ڕیککەوتنێکی بەکۆمەڵەوە دێتەکایە.

تیۆرەکانی قانونی دانراو: لە سەردەمی هاوچەرخیشماندا قانوننامە ڕەوایەکان پێگەی قانون بە دابینکردنی دادپەروەرییشەوە بە بونیادی کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی دەبەستنەوە و لە سیستمی ئاکاری جیای دەکەنەوە.

ئامانۆئیل کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤) لە ڕوونکردنەوەی ڕێبازە هزرییەکەی خۆی سووربوو لەسەر ئەوەی کە تاک و دەوڵەتان فەرمانبەردارییەکی ئاکارییان لەسەرە بەوەی دەبێ بەگوێرەی دەستور دادپەرەوەری بەدیبهێنن، ئەو ئەم حاڵەتەی بە تۆکمەیی بە پاراستنی مافەکان بەستووەتەوە. هەرچەندە ئەمە ئاماژەیەکی ئەو بوو بۆ بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لێ بەشێوەیەکی ناڕوون و گشتییانە بووە. دیارە لێرەدا پرسیارە جدییەکە ئەوەیە، ئاخۆ چۆن کۆمەڵگە لە

ڕوانگەی بنەمای مافەکانەوە فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا دەکا؟ ئەم ڕوانینە بۆ دادوەریی دەستوری لای کانت بۆیە تەمومژاوییە، چونکە پێش سەردەمی ئەو چەمکە کەوتووە. مەبەستیش لە دادوەریی دەستوری دانان و پەیڕەوکردنی مافەکان و هێنانەکایەی پرۆسەی گەلێکە بەهۆیەوە چاودێریی دادوەری بەسەر جێبەجێکردنی قانون و پێشێلنەکردنی مافەکان مەیسەر بێت.Brown, 2009, p 12-20 .

ئەوەش ڕوونە پێشنیازی کانت بۆ هاتنەکایەی ئاشتییەکی سەقامگیر هەر بەوەوە پەیوەستە یان لەسەر ئەوە بەندە یان لەسەر ڕاوەستاوە، کە کۆمەڵێک دەوڵەت لە چوارچێوەی کۆمارێکدا و لەسایەی ڕێکەوتننامەیەک بچنە پاڵ یەک، کە ناوی لێنابوو کۆمەڵە یان کۆنگرەی دەوڵەتان بۆ ئەوەی هەر بەڕاستی ببێتە گەرەنتی مافەکان و پێگەی قانونییانە بۆ تەواوی ئادەمیزاد. چەسپاندنی ئەم دۆخەش بە چەندین بەڵگەوبەندەوە[3] بەندە: یەکەمیان مافەکان بنەمایەکی پتەو بۆ سیستمی یەکسانی هەمووان لە دووتوێی دەستورێکی نوێی دانراودا دەئافرێنن. ئەم سیستمەش بە هێزی ناچارکردنی دەوڵەتەوە بەندە، بەڵام هێزی ناچارکردنیش تەنیا تا ئەو ڕادەیە ڕێگەی پێدەدرێ بەوەی ئازادی و مافی هەر تاکێک بەرانبەری ئەوانی دیکە ڕابگرێ و سنوورەکەی خۆی تێنەپەڕێنێ، هەڵبەتە ئەمەش هەمووی لە سایەی ئەو پرنسیپە گەردوونیی مافەوەیە. قانونە گشتگیرەکانیش ئامرازی بەدیهێنانن. دووەمیان ئەو مافە دەستورییانە داخوازی هێنانەکایەی پێداویستی هەر کردەیەکی گشتیین، واتە دەسەڵات و کاربەدەست و گەلیش لەسەریەتی ئەو بارودۆخە مافدارە هەم بخوڵقێنێ و هەم بشیپارێزێ. سییەمیشیان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە گەل بە چەسپاندنی ئەو مافانە لە دەستوردا ئازادییەکان مسۆگەر دەکا. لەبەرانبەریشدا پابەندبوونێکی دادوەرییانە دەخوڵقێنێ، کە لەسەر هەموو کاربەدەستان پێویستە بچنە ژێرباری فەرمانبەردارییەکە(ئیلتزام) و بەرجەستەی بکەن. بەڵگەوبەندی چوارەمیش بەشێوەیەکی پەنهان و لەبن (ضمني) لە ڕێبازی کانتەوە هەڵدەهێنجرێ، بەوەی هەبوونی دەزگایەکی دەستوری کە دەسەڵاتێکی تۆکمەی بۆ پێداچوونەوە و چاودێریی دادوەرییەوە هەبێ، ئەمەش ئەگەر خوازیاری ئەوە بین مافەکان کارابکرێن. لەسەر ئەندامانی ئەو دەزگا دادوەرییە (دادگاییە) یە، کە سەرپەرشتی ڕەفتاری سەرجەم بەرپرسانی میری بکا، چونکە ئەو کردەوانەی بە مافەکانەوە پەیوەستن. دادگاش وەک کاراکتەری سیستمەکە هەڵسەنگێنەری ڕەفتاری دەسەڵات و بەرپرسەکانە بەوەی ئەوەی دەیکەن ئاخۆ لەسەر هەقن و بەگوێرەی قانونەکانە یان نا، لەم هەڵسەنگاندنەدا ئەرکی ئەوەی دەکەوێتە سەر شان، هەر ڕەفتارێک لەگەڵ پێوەرەکەدا نەیەتەوە، پووچەڵی بکاتەوە. بە گوێرەی دەستەواژەکانی کانت بێ، دادگا سەرپەرشتی سەقامگیرگردنی مافی گشتییە. پێنجەمیان، مافەکان بە دەستەواژەی ڕەها دادەڕێژرێن و لە دوتوێی دەستوور و قانونەکاندا دەقنووس دەکرێن، بەڵام ئەوەندە هەیە دەکرێ ناوبەناو بەگوێرەی پێداچووەنەوە سنووردار بکرێن. لۆژیکیش لەبن سەری ئەو دەربڕینەدا هەیە بەوەی ڕێسایەکی قانونی هەیە: ڕەها بەڕەهایەتی خۆی دەڕوا تا ئەو کاتەی سنووردار دەکرێ ( A.S.Sweet, 2017, p4-6).

کانت تیۆرە دەستورییەکەی لە سەر بنەمای پێویستی ڕۆدەنێ، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتی یەکدەگرێتەوە، بەوەی هەر پێویستی وا دەکا تاکەکان و دەوڵەتەکان پابەندی ئەو فەرمانبەردارییەی سەرشانیان بن بۆ ئەوەی لە دۆخی بێقانونی (بەڕایی) دەربچن و بچنە نێو چوارچێوەی شارستانییەکی مافدار، لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئازادییەکان لەنێو کۆمەڵگەکە بپارێزن. ئەمەش لەسەر دوو پرنسیپ وەستاوە، یەکەمیان بەندە بە لایەنی


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

ناوخۆیی ئەرکی شەرەفمەندانەی مافدار کە ڕێگر دەبێ لەسەر حیسابی بەرانبەرەکەی بەکاربهێندرێ، دووهەمیشیان بەندە بە پرەنسیپی گەردوونی بۆ ماف، کە هێزی ناچارکردنی دەسەڵات سنووردار دەکا، لەکاتێکدا سنووری مادەکانی دوو کەس بەیەک دەگەن (A.S.Sweet, 2017, p10-15).

کانت وەها پێناسەی ماف دەکا، کە مەرجگەلێک بن لەژێر سایەی ئەوەی کە بژاردەی یەکێک بەگوێرەی قانونی گەردوونی بۆ ئازادی لەگەڵ بژاردەی بەرانبەرەکەی یەکبگرێتەوە. مافی گشتیش بە سیستمێک لە قانون بۆ خەڵک دادەنێ، ئەوسا چ لە نێوان کەسان خۆیان یان لەنێوان گەلان خۆیان، چونکە هەر یەکەی باندۆری[٤] بەسەر ئەوی دیکەوە هەیە، پێویستی بە هەلومەجێکی مافداری قانونی هەیە، واتە پێوستی بە دەستورێک هەیە، تێیدا ماف پارێزراو بێت.

قانونناسی ئینگلیزی هێربەرت هارت(١٩٠٧-١٩٩٢)، لە کتێبە ناودارەکەی خۆی (چەمکی قانون)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دروستیی قانون بە سەرچاوەکانییەوە نەوەک بە سەنگە ئاکارییەکەی[٥] دەردەکەوێ (Hart, H.L.A, 1994, p79 ).

چەمکی دادپەروەری لای مارتا نوسباوم (١٩٤٧- ) بە جەختکردنەوە دەبێ لەسەر هێز و توانستی تاک بەوەی ئاخۆ چی لەباردایە و چی پێدەکرێ و چۆن لەگەڵی هەڵدەکەن، ئەو داوای لێتێگەیشتنێکی ئادەمیزادانەی بەرفراوانتر دەکا، بەوەی دادپەروەری هەر بەند نەبێ بە سەرچاوە و دەرامەتی بەردەست، هەروەها ئەو لەوەش زیاتر دەڕوا بەوەی بیرۆکەکەی جۆرێکە لە ئاڵنگاری بەرانبەر سیستمی قانونی، بەوەی دادپەروەری شت لە بازنە و ڕەهەندی ئاکاریشەوە وەربگرێ تا فەراهەم و فراژی بێ (Nussbaum M.C, 2011, p 113-120).

ڕێبازی سوودگەرایی Utilitarianism بۆ چەمکی دادپەروەری لەوەدا خۆی دەبینییەوە، کە سەرجەم ڕەفتارەکانی مرۆڤ هەروەک هی دەوڵەتان چاکەیە و ئاکار و دادپەروەرییە کاتێک ئەنجامەکەی بەدیهێنانی ئاسوودەیی و شادیی گشتی بێ. واتە کردەوە بە ئەنجامەکەی لە سەنگی محەک دەدرێ. هەر کردەوەیەکی زیانبەخشیش نادادپەروەرییە (https://plato.stanford.edu/entries/justice/#UtilJust).

**داواکاریی سێیەم: دادپەروەری لە ڕوانگەی دیدی فەلسەفەی هاوچەرخەوە**

جۆن ڕاولزی فەیلەسوف و قانوناس ڕێبازی سوودگەرایی تێدەپەڕێنێ. ئەو ڕوانینێکی تۆکمەتر و ئاراستەکراوتر لەبارەی دادوپەروەری دەخاتەڕوو، بەتایبەتیش لەبەرڕەوتی دابەشکردنی کاڵا و دەرفەتەوە. هەر بۆیە هەوڵیداوە جێگرەوەیەکی سوودگەراکان بێ، بەڵام بەشێوەیەکی بێ، کە زیاتر مایەی بڕواپێکردن بێ، چونکە بە بڕوای ئەو ڕێبازی سوودگەراکان لەوانەیە سەربکێشی بۆ ئەوەی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا مافی تاکەکان ببێتە قوربانی. چەمکە نوێیەکەی ئەو لە تەوەری ئەوەدا دەسووڕێتەوە، کە دادپەروەری چاکەیە.[٦]

جۆن ڕاولز لە شیکردنەوەی تیۆرییەکەی خۆی بۆ دادپەروەری، لە ڕوانینە بەرفراوانەکەی بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، دادپەروەریی دەستوریش بە بەشێکی چارەنوسساز دەزانێ. ئەو وەهای دادەنێ، دادپەروەریی کۆمەڵگە دەبێ لەسەر بنەمای کۆمەڵە پرنسیپێک بێ، کە لەلایەن سەرجەم هاووڵاتییانەوە مایەی پەسەندی بن، هەروەها ئەم پرنسیپانەش دەبێ لەنێو دەستوردا لەنگەر بگرن. ئینجا بەپێوەردانانی ئەو پرنسیپانە، ئەو پێشنیازی "پەردەی نەزانین" دەستنیشان دەکا. پەردەی نەزانیش، گریمانەیەکی خەیاڵکردەیە کە پێگەی کۆمەڵایەتییانەی تاکی هاووڵاتی دیاریدەکا. بەگوێرەی بۆچوونەکەی ڕاولز، کۆمەڵگەی دادپەروەر لەسەر پرنسیپی دادپەروەرانە

پێکهاتووە. بەڵام چۆن ئەوە دەردەکەوێ ئاخۆ دادپەروەری چییە؟ ئەوسا بۆ بەرچاوڕوونبوونەوە، گریمانەی تاقیکردنەوەیەکی ئەندێشەیی دادەهێنێ، ئەوەی بە "پەردەی نەزانین"ی ناسراوە. واتە بۆ دیاریکردنی ئەو پرنسیپ و بەهایانە، هەقە هەموو بەشداربووانی کۆمەڵگە کۆببنەوە، بەڵام لەپشت پەردەیەکەوە، بۆ ئەوەی لایەنداریی هیچ کەسێکیان بەدیار نەکەوێ، بەجۆرێک کەس نازانێ بەرانبەرەکەی سەر بە چ ڕەگەز و دین و ئایینزا و کۆمەڵەیەکی سیاسی و کلتوری و ئابورییە، ئینجا پرنسیپ و بەهاکان دەقنوس بکەنەوە، بەم شێوەیە بەچاوێکی یەکسان سەیر دەکرێ. بەم پێیە بەشداربووان بەتەواوی پرنسیپی دادپەروەر و یەکسان و ڕاست دادەنێن، چونکە بنەماکەیان تەنها ئاوەزی پەتی خۆیتیان بەدەر لەهەر کارتێکردنێکی پێشوەختەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر یەکدیدا.

ڕاولز بیرۆکەی دادپەروەریی دەستوری بە گرێدان بە بناغەی پێکهاتەی کۆمەڵگەوە بەند کردووە. جەخت لەسەر کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو (بە سیستم) دەکاتەوە، کە دامودەزگاکانی پشتگیریی دادپەروەری و چاکەی گشتی دەکەن. بەجۆرێک دادپەروەریی دەستوری گەرەنتییەک بێت بۆ ماف و ئازادییەکانی تاک لە چوارچێوەیەکی دەستوریدا. هەروەها ئەو دادپەروەریش وەک چاکە و شتێکی ڕەوا، جەخت لەسەر دوو پرنسیپ دەکاتەوە؛ یەکەمیان مافی بنەڕەتی یەکسانی بۆ هەمووان، دووهەمیشیان ناسینەوەی پرنسیپی جیاوازی، کە ڕێگە بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەدا، بەڵام تەنیا لەو کاتەی ئەمە بە بەرژەوەندیی ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگە بشکێتەوە، کە کەمترین دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە. دەستوریش دەبێ ڕەنگدەرەوەی ئەو پرنسیپانە بێ و میکانیزمێکیش بۆ جێبەجێکردنیان بدۆزێتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا بۆ چەسپاندنی ئەو پرنسیپە دەستورییانە، ڕۆڵی دادوەرییش دەهێنێتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی مافی هاووڵاتیان مسۆگەر بکرێ و لە هەر دەستدرێژی و بەدقۆستنەوەیەکیان بپارێزێ. ئیدی ڕاولز چوارچێوەی دەستوری وەها دەنەخشێنێ کە بەرجەستەکردنی دادپەروەری و چاکە بێ، چونکە هەر بەم جۆرەش بناغەیەکی پتەوی کۆمەڵگەی سەقامگیر و دادپەروەر دادەمەزرێ ( Rawls. John, 1973, p .513-540)

جەوهەری تیۆریی ڕاولز لە چەمکی "دۆخی بنەڕەتی" خۆی دەبینێتەوە، کە سیناریۆیەکی گریمانەییە بەوەی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دەستنیشانکردنی پرنسیپەکانی دادپەروەری بۆ فەرمانڕەوایەتی کۆدەبنەوە. ئیدی ئەو وای گریمانە دەکا، کە ئەو تاکە ئاوەزمەندانەی کۆبوونەتەوە بڕیارەکانیان بەشێوەیەک دەردەکەن بێ ئەوەی بارودۆخی کەسایەتیی خۆیان وەک بنچینە و ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری یەکدی بزانن، واتە لەپشت پەردەی نەزانینی جیاوازییەکانیان بڕیار دەدەن. بەم جۆرە هیچ جیاکارییەک و پاوانخوازیی دەستەیەک لەبەرانبەر ئەوی دیکە سەرهەڵنادا و بڕیارەکان بێلایەنانە لە بەرژەوەندیی گشتیدا دەربچن، بە وتەی ئەو" نابێ هیچ کەس، نە سوودمەند و نە زەرەرمەند بێ لەو دەرفەتە سروشتی و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی تێیکەوتووە". بەم جۆرە بڕیارە لێگیراوەکان دادپەروەر و چاک دەردەچن، چونکە لەهەموو لایەندارییەکی بەرژەوەندیانەی تاکەکەسی و تاکە دەستەیی بەدوورە. وردەکارییەکەش لە دوو پرنسیپی بنەمایی خۆی دەبینێتەوە:

یەکەمیان: پرنسیپی (ئازادی یەکسان) پێویستە هەموو کەسێک لەو سیستمە بەرفروانەی تێدایە لە ماف و ئازادییە سەرەتاییەکان لەگەڵ بەرانبەرەکەی یەکسان بێ. ئەم پرنسیپە پێ لەسەر ئازادییە مەدەنییەکانی وەک ئازادی قسە و ڕادەربڕین و دین و مافی دەنگدان و .... هتد دادەگرێ.

دووهەمیان: پرنسیپی (پرنسیپی جیاوازییەکان)؛ پێویستە جیاوازییە نایەکسانییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەجۆرێک ڕیزبەندی بکرێن و ڕێکبخرێنەوە کە ببنە هۆکاری (ئا) گەورەترین سوود بۆ ئەو کەسانەی کەمترین دەرفەت و بەختیان لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، هەروەها (ب) هەموو پلە و پۆستەکان لەبن سایەی مەرجی دادپەروەرانەی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دەرگاکەی لەسەر پشت بێ.

لەم زنجیربەندییەدا، پرنسیپی یەکەم، واتە ئازادیە تاکییەکان پێشنۆرەن، دوابەدوای ئەو، ئینجا پرنسیپی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دێت، ئەم سیستەمەش بۆ ئەوەیە تا کەسە دەرفەت کەمەکان زۆرترین کەسی سوودمەند بن لێی. بەم جۆرە ئەم چوارچێوەیە دووسەرە گرەنتیکردنی ئەوە دەکا، کەوا دادپەروەری هەر لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوشانی ڕۆنەنرێ، بەڵکو چاککردنی دەرفەت و ڕەوشی هەموو ئەو کەسانەش بێ کە خراپترین دۆخیان لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە.

هەروەها پرنسیپی دادپەروەری، چاکەیە؛ جۆرێکە لە تێبینییەکی ڕەخنەیی لەبارەی سوودگەراکان، چونکە ئەوان داخوازیی چاکە و خێری گشتیین، کە زۆر جار لەم دۆخەدا مافی کەمینەکان پێشێل دەکرێت. هەر بۆیە ڕاولز دەڵێ سوودگەراکان لە ڕەچاوکردنی شکۆی تاک و بایەخی پاراستنی مافەکانیان شکستیان هێناوە(Rawls, John, 1999, p28-29) .

**باسی دووەم: پێناسە و سەرهەڵدانی دادپەروەریی دەستوری**

دادپەروەریی دەستووری لە هەرەگرنگترین وەڵامی قانونییانەی مافخوڵقێن بوو، کە لە میانەی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو لە جیهانی شارستاندا لە سیستەمی وڵات هاتۆتەپێش، بۆ ئەوەی لەبەردەم دەسەڵاتی بەدقۆستنەوە و چەوساندنەوەی میری[٧] لەبەرانبەر تاکی هاووڵاتییەوە بەکاری بهێنێ. ئەمەش واتای هێنانەکایەی جۆرێکی نوێیە لە ڕێسا و دامودەزگا و کردەوەگەلێکی دەستورییانە تا خودی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا سنووردار بکا و بیگونجێنێ و کۆنترۆڵی بکا، بەوەی لە بازنەی دادپەروەری دەرنەچێ. ئەمەشیان بە دوو شێواز دەکرێ بەشێوەیەکی ستوونی، واتە دەسەڵاتەکان دابەش ببن، کە خۆی لە بیرۆکەی ناناوەندی(بە گوێرەی سروشتی فەرمانڕەوایەتی بەرتەسک و بەرفراوان) دەبینێتەوە. دەکرێ ناوی چارەسەرییەکی سیاسی لەم حاڵەتە بنرێ، شێوازی دووەمیش شێوازی ئاسۆییە، بەوەی ئاخۆ هەر ماددەکانی دەستورەکە تاچەند لەگەڵ خودی پرنسیپی دادپەرەوری دێنەوە، بە واتایەکی دیکە ئایا ماددەکانی دەستوورەکە دادپەروەرن؟ پاشان ئەو قانونانەی لەژێر سایەی ئەو دەستوورە دەردەچن، هەمان پێوەر دەیانگرێتەوە؟ لایەنی سێیەمیش پرسی دادگایە، هەڵبەتە بەگوێرەی دوو سیستەمی یەکانەیی یان دوانەیی دادگاش، دواتر دادگای دەستووری لە هەندێ وڵاتان دێتەپێشەوە.

ئەم بەشەش بەسەر سێ داواکارییدا دابەش بووە، لە یەکەمیان هەوڵدراوە تیشک بخرێتە سەر پێناسەی چەمکەکە و مێژووی سەرهەڵدانی ئینجا لە داواکاریی دووەمدا نموونەی دەستوری لێکدراوەتەوە، دوابەدوای ئەویش لە داواکاریی سێیەمدا پرسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان شرۆڤەکراوە.

**داواکاریی یەکەم: پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی دادپەروەریی دەستوری**

دادپەروەریی دەستوری بەگوێرەی بۆچوونی پرۆفیسۆر ئالان پەیوەستە بە بیرۆکە و نموونەی دەوڵەتی قانون لە چوارچێوەی دەستورێکی لیبرال، بەوەی نەوەک هەر لەڕووی سیماوە (ڕێکارە فەرمییەکان)، بەڵکو پێویستە دەستوور لە دووتوویێ ماددەکانی خۆی پرسی دادپەرەوەرییەکە بەشێوەیەک ڕەنگ بداتەوە کە ڕەوایی، یەکسانی، ڕێکاری قانونی و پاراستنی مافە بنەڕەتییەکان

سەقامگیر و مسۆگەر بن، ئەم مەرجانەش هاوتەریبن لەگەڵ سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و ڕەوایەتی دەستوری لە چوارچێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەی هاووڵاتیان بەگوێرەی دامودەزگا دەستورییەکان بەشێوەکی ڕێکوپێک و ئاسایشپارێزانە سەروسەودایان لەگەڵدا بکرێ. (Trevor R. S. Allan , 2003 p 121-130)
هەرچی پێناسەی پرۆفیسۆر میشێل ڕۆسنفیلدیشە بەستراوەتەوە بە هەرسێ ڕەهەندە دابەشکاری و دانپێدانان و نوێنەرایەتییەوە. واتە پێویستە دەستور بنەماکانی دادپەروەریی بەرجەستە بکا، بنەماکانیش لە دووتوێی ڕێبازی جۆن ڕاولزدا ڕوون دەکاتەوە. بەوەی لەکاتی هەبوونی هەر ناکۆکییەش ئەو ڕەهەندانە بە لەشوێنی خۆیان بە پتەوی بمێننەوە. لە دووتوێی – درێژەدان بە ڕوونکردنەوەی پێناسەکەی، ئەم قانونناسە بازنەی لیبرالیبوون دەپەڕێنێ و پرسی دابەشکردنی سامان، داننان بە ناسنامەی فرەیی پێکهاتەی کۆمەڵگا و نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی هاووڵاتیان بە شتگەلی جەوهەری دەزانێ.( Michel Rosenfeld, 2022 p227-235 )
بە بۆچوونی ڕۆنالد دۆرکین (١٩٣١-٢٠١٣) فەیلەسوف و قانونناسی ئەمریکیش، نابێ دادوەریی دەستوری هەر بەند بێ بە بەڵگەنامە قانونییەکان، بەڵکو پێویستە بنەمایەکی ئاکارییشی بۆ دەوڵەت و سیاسەتەکەی هەبێ. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادگرێ، کە پێویستە دادوەری لە بەرڕەوتی بە یەک چاو ڕوانین و ماف و ئازادی تاکەکانەوە سەیر بکرێ. بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەو، دەستور "ئاکارێکی سیاسییانەیە"، ئەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەی تێدا ڕەنگ بداتەوە، هەروەها هەر هەمان بەها وەربگێڕدرێنە سەر زمان و ڕەفتاری قانونییانە بۆ ئەوەی ببنە گەرەنتییەک بۆ دابینکردنی دادپەروەری. هەر بۆیە لە کتێبەکەی قانونی ئازادیدا، مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکا، کە ڕاڤەکردنی دەستور دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی پرنسیپە ئاکارییەکان بێ لەوەی هەر پەیڕەوکردنێکی کتومتی دەقێکی قانونییانەی توندوبەند بێ. ئەو جەخت لەسەر بە دەستوریکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکان و بەهاکان دەکاتەوە، ئەوانەی ڕەنگدانەوەی فەرمانبەردارێتیی دادپەروەری و یەکسانین. ئەو بانگەوازی بۆ خوێندنەوەیەکی ئاکارئامێزی دەستور دەکرد، پێشنیاز و ڕێنمایی بۆ دادوەرەکان ئەوە بوو، کە پێویستە لێتێگەیشتن و ڕاڤەکردنیان بۆ دەقەکانی قانونی دانراوی بەردەستیان هاوڕێک بێ لەگەڵ پرنسیپەکانی چاکە و دادپەروەری، تەنانەت گەر دەرچوونیش لە دەقە بەردەستەکە داخواز بێت. ئەو پێی وا بوو دەبێ دادپەروەریی دەستوری ماف و ئازادیی تاکەکان لەخۆ بگرێ و ڕاشکاوانە دانی پێدابنێ هەروەها مشوری ئەوەش بخورێ، کە کردە و ڕێکاری حکومەت بە ئاراستەی پاراستنی ئەو مافانەوە بێ. هەر بەهەمان پێوەر ئەو ڕۆڵی دادوەرانیشی بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان لەبەرانبەر ستەمی زۆرینەدا لەبەرچاوبووە، بەپێداگرییەوە کە سیستمی قانونییانەی داد پێویستە لە بڕیارەکانیدا پێداویستییە ئاکارییەکانی لەبەرچاو بێت. ئیدی بەگشتی ڕێبازی دۆرکین پێ لەسەر یەکانگیربوونی بەها ئاکارییەکان لەنێو قانونی دەستوریدا دەگرێت، بەوەی کەوا دەستور بەڵگەنامەیەکی زیندووە، پێویستە پابەندییە درێژخایەنەکانی ئاکاری تێدا ڕەنگ بداتەوە (Dworkin.Ronald, 2005, p 72-90 هەروەها (Dowrkin, 1986, p 355-370.
ئەوەی سەرنجی ئەم چەشنە پێناسە ناوبراوانە و ئەوانی دیکەش بدات، کە قانونناسان بۆ پرسی دادپەروەری دەستوری تاوتوێیان کردووە، هەموویان لە تەوەری بنەما سەرەکییەکان و ڕوخساری گشتی دا یەک دەگرنەوە، بەڵام بە گرێدانەوە بە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی قانون لەچوارچێوەی ڕژێمێکی دیموکراتدا، ئەوسا ڕژێمەکە لە سایەی فەلسەفەی لیبراڵی بێت یان نا.

هەر بۆیە دەکرێ لەو دەراوەوە و بە گشتاندن و یەکانگیرکردنی ئەم بنەما و سیما سەرەکییانە، توێژەریش ڕوانینی خۆی بۆ پێناسەکردنی چەمکی دادپەروەریی بێنێتە پێشەوە:

دادپەروەریی دەستوری لە چوارچێوەی دەوڵەتی قانونی دێموکراتدا دێتە ئارا، کە مەبەست لێی چاودێریکردنی سەرەوەریی دەستوریە لە بۆتەی جیاکردەنەوەی دەسەڵاتەکان، کە ڕاشکاوانە دان بە ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییاندا بنرێ و دادوەرییەکی سەربەخۆش ببێتە گەرەنتی بۆ بەرجەستەکردنی ناواخنەکەی. هەموو ئەمانەش لەچوارچێوەی دەستورێکی سەروەر، کە سەرتاپای فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەرداکراو ملکەچی بن، هاوزەمان شێوازی دانان و هەموارکردنەوە و بە داڕشتنی قانونەکانەکان و فەرمانی ئیداریشەوە بۆ سەروەریی گەل لەچوارچێوەی سیستمی دێموکراسی بگەڕێتەوە.

ئەوەی دادپەروەریی مرۆیی دەیکا، چارەسەرکردن یاخود هەوڵی چارەسەرکردنی ئاریشەیەکی دیارکراوی ژیانی تاک و کۆمەڵایەتییە: ئەویش بە هێنانەکایەی ڕێساگەلێک و بەرکارکردنیان بۆ ئەوەی دامودەزگایەک و کردەوەیەک بهێنێتە کایە، تا یەک ئامانج بهێنێتە دی، ئەویش چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکە، کە بەرۆکی تاک و کۆمەڵگەی گرتووە. بەڵام ئەوەندە هەیە، کێشەکانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندان، بەهەمان شێوەش بەها و ڕێسا و کردارگەل و دەزگاکانیش. دادپەروەریی مرۆیی دادپەروەرییەکی خۆگۆڕە، سا ئەوسا کۆتاییەکی جێگیر و ڕەهاشی هەبێ کە واتا و ڕوناکی بداتە هەر جووڵە و تەقەللایەک، بەهۆیەوە ئامانج لێی باشترکردنی ژیانی مرۆڤە (Cappellettie,m 1985, p 35 ).

مەبەست لە بەکارهێنانی دەستەواژەی دادپەروەریی دەستوری، کە لە ئەورووپا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێندرێ، ئاماژەکردنێکە بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، کە لەڕێگەی ڕێسای دەستوورییەوە سنووردارکراوە، هەروەها هەموو کردەوە و پێواژۆ و دامەزراوەکانیش بەشێوەیەک داڕێژراون، کە ئەو سنووردارێتییە ئاماژەبۆکراوە جێگیر بکەن. ئەمەش بۆ وەڵامدانەوە، یان باشتر بڵێین لەبەرانبەر پرس و ئاریشەی چەوساندنەوەیە، شێوازەکانی چەوساندنەوەش زۆر تێکەڵاو و ئاڵۆزن. وەنەبێ چەوساندنەوە هەر لە دەسەڵاتی حکومەتییەوە ڕەچاو بکرێ، بەڵکو دەسەڵاتە ناحکومەتییەکانیش، هەر لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، لە کۆمپانیا و دەستە و پارتە سیاسییەکان، هەندێک جار لە دەسەڵاتی میری نین بۆ چەوساندنەوەی تاک، گۆڕانی زەمین و زەمانیش لەگەڵ خۆیدا گۆڕانی شێوازی چەوساندنەوە دەهێنێ، هەرچەندە ناواخنەکەی هەر دابڕاندنی تاک و نامۆبوونیەتی بە بەها سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی، ئەمەش بەشێوەیەکی قانونی دەکرێ بڵێین سەرچاوەکەی نەبوونی دادپەروەریی قانونییە، بە شێوە باڵا دیاریکراوەکەی دادپەروەریی دەستورییەوە (Cappellettie,m 1985, p 40). لێ مەترسیە هەرە گەورەکە، کە مێژووی حوکمڕانییش سەلماندوویەتی، دەسەڵاتی فەرمی دەوڵەتە بە دەسەڵاتی ناوەند و ناناوەند و هەموو لقوپۆپەکانییەوە، هەڵبەتە ئەم چەوساندنەوەیە چ لەسەر ئاستی حوکمڕان و حوکمبەسەرداکراوبێ وەک لە دەوڵەتی سادە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتی ڕوو دەدا، لە سیستمە دیکتاتۆر و ستەمکارەکان، یان چ چەوساندنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست بۆ نەتەوەی بندەست. نموونەی زەق یەکەم نازی ئەڵمانی، فاشی ئیتاڵی، چەنگە ئاسنینەکەی ستالین و دیکتاتۆری فرانکۆی ئیسپانی، بۆ نموونەی دووهەمیش دەکرێ ڕەوتی سیاسی لە هەر چوار دەوڵەتەکەی تورکیا، ئێران، عیراق و سوریا بەرانبەر بە نەتەوەی کورد وەربگیرێ. لەم دەرچەدا نەبونی دادپەروەریی دەستووری بنەمای سەرەکی ئەو

چەوساندنەوەیەی تاکی هاوڵاتییە بە هەردوو چاوەساندنەوەی هاووڵاتییەکی ئاسایی یان هاوڵاتییەکی بەرەگەز و دین و زمان جیاواز.

**داواکاریی دووەم: پێشینەی نموونە دەستورییەکان**

سەنگی محەکی سەرکەوتنی هەر چەمکێک، بەتایبەتیش کاتێک چەمکەکە ببێتە چەمکێکی قانونی ئەوا بەکردەکردنییەتی، بەواتایەکی دیکە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئەو چەمکە و لێکەوتەکانی لەسەر زەمینی واقیعدا. دادپەروەریی دەستوریش کە چەقی بازنەی ڕەوایەتیدانە بە دەسەڵات و کردەوەی سیاسییانە لە دووتوێی دارشتنی قانون، بۆیە دەستورەکان دەبنە چەقی بازنەی دەسەڵاتپێدان و شۆڕکردنەوەی ناواخنی چەمکەکە (بە ئاسۆی و بەستوونی) بەسەر جومگەکانی دیکەی دەوڵەتەکەدا. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەی دەستوری وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا دەکەین، کە چۆن ئەم چەمکە نەوەک هەر چەسپاوە، بەڵکو چۆن بەکردەوە لەدوتووێی دادگای باڵادا پەیڕەوکراوە.

دادگای دەستوری نەمسا بە فەرمی لە ٢٥ی ینایری ١٩١٩ دامەزرا، ئەرکە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە ناوبژێکردن (تەحکیم)ی ناکۆکیی نێوان دەسەڵاتەکان، ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان دامودەزگا ناوەند (سەنترال) و هەرێمەکان پەیدادەبێ، ئەمەش هەروەک هانس کلسن لە یاداشتە قانونییەکەی پێشبینی و پێشنیازی بۆ کردبوو، ئەم هەنگاوەش تەکانێکی باش بوو لە پێناو چەسپاندنی مافەکان، بەتایبەتیش لەڕووی ڕەوایەتیی دەستوری و کێشەکانی نێوان ناوەند و هەرێم، هەموو ئەم هەنگاوانەش لە پێشهاتەکانی دواتر، واتە لە نووسینەوەی دەستوری نوێ ڕەنگی دایەوە. بە گوێرەی ڕوانینی کلسن، دادوەریی دەستوری و ئیداری شتگەلێکی هەرە جەوهەری بوون بۆ نەمسایەکی نوێ[٨]. ئەمەش بۆ هاوسەنگراگرتنی نێوان ناوەند و هەرێمەکان، لەنێوان ناوەند و پارێزگاکان، لەپێناوی ئەوەی یەکیەتییەکی تۆکمەی نەمساوی بێتەدی. دواتر هەر کلسن بووە دادوەرێکی دادگای دەستوری. لە دیدی ئەودا، دادوەریی دەستوری و ئیداری بەهایەکی هەرە باڵایان بۆ پاراستنی ڕژێمی فیدراڵی هەبوو. بە بڕوای ئەو، ئەم هاوسەنگییە هەم جۆرێک بوو لە کۆنترۆڵی ناوەند بەسەر هەرێم، هەرورها بەپێچەوانەشەوە، کۆنترۆڵی هەرێم بەسەر ناوەندەوە، تا سیستەمە فیدراڵییەکە تۆکمەتر بێ (Sra Lagi, 2012 p 273-295) .

بە تێخوێندنەوەی ئەم ڕوانین و واقیعی حاڵی دەوڵەتە ئەوروپی و نائەوروپییەکان، ئەوانەی بایەخێکی بەرچاویان بە هەبوونی دادگای دەستوری داوە، هەروەک نەمسا، فەرەنسا، ئاڵمانیا و بەلجیکا، لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا، خاسیەتێکی هاوبەش دەبینین، ئەویش خۆی لە سیستمی فیدراڵیدا دەبینێتەوە. کاتێکیش لە هەر هەمووشیان ئەرکەکانی ئەو دادگایە ورد دەکرێتەوە، چ چارەسەرکردنی ناکۆکییە قانونییەکان بێت، ئەوەی بە مافەکانەوە پەیوەستە لەنێوان دەسەڵاتی ناوەند و هەرێمەکان، چ بۆ هاوسەنگراگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەم دەزگایە بە بەچەقگرتنی دەستور؛ نیشانەیەکی ڕاشکاوە کە سەرچاوەکە بۆ پرسی فیدراڵیزم دەگەڕێتەوە. لەوانەیە لە دەوڵەتێکی سادە، کێشەی ناکۆکبوونی دەسەڵاتەکان لەگەڵ یەک ئەوەندە ئاڵۆز نەبن، پۆیە پێوستی هەبوونی ئەو جۆرە دادگایە لە پرسە سەرەکییەکان نەبێ بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا زەق نەبێتەوە. هەڵبەت باسی وڵاتە دێموکراتەکان دەکەین، ئەوان بە ڕێسا دادەنێین، دەنا لە دەوڵەتە سادەکاندا، ئەوانەی نادیموکراتین، کێرڤی نادادی لەبەرانبەر ماف و ئازادییەکاندا لەوپەڕی بەرزیدایە، لێرەدا جێگەی وردەکاری نابێتەوە.

هەر بەگوێرەی ڕوانینی قانونییانەی کلسن، کە بە قوتابخانەی کلسنییەوە ناسراوە، سێ بەهای شایستە لە هاتنەکایەی دادگای دەستورییەوە هەن، کە پاراستنی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

هەروەها پاراستنی سەربەخۆیی دادوەریی لەگەڵ پارێزگاری لە ڕەوایەتیی دەستوری. ئەم سێ بەهایانەش لەگەڵ سێ بنەمای بزووتنەوەی دەستورییانەی لیبرالیزم دێنەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن: یەکەمیان، سەربەخۆیی دادوەری، ڕاستەوخۆ بە بنەمای دەوڵەتی قانونەوە بەندە، چونکە دەوڵەتی قانون ئەوکاتە دەبێتە ڕاستی، کاتێک دادگایەکی بەدەسەڵات و سەربەخۆی هەبێ، دووهەمیان چاودێریی ڕەوایەتیی دەستوری، ئەویش بە پرنسیپی دێموکراسییەوە بەندە، چونکە دەبێ دەستور لەلایەن دەزگایەکی سەرەوەریی نوێنەرایەتیی گەلەوە دارێژرابێ، کە بڕیاری چارەنووسسازانەی سیاسی دەردەکات، سێهەمیشیان پاراستنی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤە، کە بە ڕاگرتن و پاراستنی دەستوریەتی لێبرالیزم پەیوەستە، چونکە ئازادییە سیاسییەکان چەقی بازنەی دەستورییەتی لیبرالیزمن. ئیدی بەهای دادوەریی لە سەربەخۆیی و ڕاگرتن و پاراستنی دیموکراسی و مافەکان و سەروەربوونی دەستور، کاریگەریی ڕاستوخۆی بەرچاویان لەسەر دەستورییەتی لیبرالیزمەوە هەیە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە پێشهاتەکانی هەردوو جەنگە جیهانییەکە بەو تاوان و کارەساتەی وەک لێکەوتە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، باندۆرێ خۆی لەسەر ئەو دادگا دەستورییانە هەبوو تا مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دێموکراسی بپارێزن، لەوەش زیاتر نەهێڵن جارێکی دیکە ڕووبدەنەوە. تەنانەت لای قانونناسان پاراستنی ماف و ئازادییەکان بووەتە پێوەر بۆ لەسەنگدانی بەها لەبەرچاوگیراوەکانی دیکە ( Pablo Catilloi-Ortiz, 2020, p 39). کۆی پاراستنی هەموو ئەو بەهاو پێوەرانە لەچوارچێوەی دەستور و بەسەروەررزانینی ڕەوایەتیی دەقەکانی دەستور. ئەوە دەگەیەنێ کە دادپەروەریی دەستوری لەنێویاندا جێگیرە، ئیجا جارێکی دیکە دڵنیایی دەدرێتەوە بەر سەقامگیرکردنی دادوەرییەکە بەو ڕێکارانەی دەسەڵاتی دادوەری لەڕێگەی دادگای دەستورییەوە بەسەر تەواوی قانونەکانییەوە هەیەتی.

قانووناسی بەناوبانگی نەمساوی هانس کلسنیش لە ١٩١٩دا پێشنیازی بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی کرد دادگایەکی تایبەتی دەستوری بهێنێتە کایە تا دادگای ئاسایی ئەرک و کاری پێداچوونەوەی ڕەوایەتیی قانونەکانی نەکەوێتە سەرشان و بەهۆی نادەستووربوونی قانونەکە حوکمی پووچەڵکردنەوەی قانونەکە بدا، بە بڕوای ئەو، ئەرکەکە ئەرکێکی سیاسییە، بۆیە هەق نییە بۆ دادوەرێکی ئاسایی ئەم حوکمە دەربکا. ئینجا بۆ مەیسەربوونی ئەو دادگا دەستوورییە ئەوەی ڕونکردەوە، کە دەبێ دادگایەکی تایبەت هەبێ و دادوەرەکانیش بەڕێگایەکی تایبەت دەستنیشان بکرێن، چونکە دەسەڵاتێکی گرنگی هەڵسەنگاندنیان دەدرێتێ تا دەگاتە هەڵوەشاندنەوەی کردە نادەستورییەکانی پەرلەمان. ئیدی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرۆکەیە، یەکەمین دادگا دەستورییە تایبەتییەکان لە ئەوروپا لە ١٩٢٠ لەهەر یەک لە وڵاتەکانی نەمسا و چیکۆسلاۆڤاکیا و لیخشتاین دامەزران. پاشان لە میانەی هەردوو جەنگە جیهانییەکە بەتایبەتیش لەدوای جەنگی دووەمین، ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەی ( بەتایبەتیش ئەوروپای ڕۆژئاوا) بە ئاراستەی سیستمی دێموکراسی هەنگاویان نا، لەژێر سایەی ئەو سیستمەشدا دادگای دەستوری ڕۆڵێ خۆی بینی (Schnutz Rudolf Durr, 20011, p 159-161).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەی سەروو، لەم قۆناغەدا دوو جۆرە دەستور هەبوون، دەستورێکی بانگەشەیی و دەستورێکی پێوەری، هەرچی دەستوری بانگەشەیی بوو، ئەوا لەدوتوویێ خۆیدا کۆمەڵێک لە مافەکانی مرۆڤی بەدوای خۆیدا ڕیزکردبوو، بەڵام ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی نادیار بوو، هەر بۆیە دادگای دەستوری لەو وڵاتەنەدا نەبوو. لە دەستوری پێوریشدا، هەموو مافێک بەهاکەی لە جێبەجێکردندا بوو، هەر بۆیە پێویستی بە دەزگایەک هەبوو، تا چاودێری جێبەجێکردنی بکا، چاودێری ئەوە بکا ئاخۆ قانون و بڕیارە ئیدارییەکانی دیکە لەگەڵ دەقەکانی

دەستوردا دێنەوە یان نا، هەر بۆیە پێویست بە هەبوونی دادگای دەستوری هەبوو. مێژووش سەلماندوویەتی کەوا قانونی نادەستوری لە هەموو وڵاتێک دەردەچێ بە ئەوانەی سەر بە دەستوری پێوەریشن، لەوانەشە دەسەڵاتی قانونداناان بەبێ مەبەست بکەوێتە داوی هەڵەیەکی واوە، هەر بۆ نموونە دانانی قانونێک بۆ تیرۆر، کە هەندێ رێوشێنی کۆن بەگوێرەی دەستور و قانونی سزادانی ئاسایی لەخۆ نەگرێ، لێرەدا رۆڵی دادگای دەستوری دێتەپێشەوە کە سەروەری بۆ دەستورە پێوەرییەکە بگەڕێنێتەوە و قانونەکە هەڵبوەشێنرێتەوە (مادده ١٢٠ی دەستوری هۆڵەندا) .

سەبارەت بە مەبەست یان هێنانەپێشەوەی دادگای دەستوری چی بوو؟ لەوانەیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، پەنا بۆ لایەنی مافپەروەرانەی دادگا و چەسپاندنی مافەکان بچێ، لەگەڵ ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە ناواخنی مەبەستەکە دەگەیەنێ، بەڵام لێکدانەوەیەکی سیاسیانەشی بۆ دەکرێ. ئەو لێکدانەوە سیاسیانە بۆ ئەوە بوو سیستمە سیاسییەکانی ئەوسای ئەوروپا (ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو) لەنێوان رۆژهەڵاتی (سۆشیالیستی) و رۆژئاوایی (سەرمایەداری) لەیەک جیابکاتەوە. واتە هەرچی سیستمی بلۆکی وابەستە بە یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بوو، سیستمێکی تۆتالیتاریی شمولی بوو، بە پێچەوانەشەوە هی خۆرئاوایی دێموکراسی. لە سیستمی یەکەمدا هەموو دەسەڵاتێک لە حزبی فەرمانڕەوا (کۆمۆنیست/ سۆشیالیست) وەردەگیرا، لەوێدا هەرچی سیاسەت و قانون و لایەنی هزری بوو بە سەرخان دادەنرا و لەپێناوی خزمەتی ئاراستەیەکی دیاریکراو هاتبووە کایەوە، واتە هەر قانون و رێسا و بڕیارێک دەردەچوو، لە خزمەت چینایەتی کۆمەڵگەدا بوو، بۆیە نەدەکرا دەستور و قانون لەیەک جیابکرێنەوە، هەردوکیان لەیەک سەرچاوەوە دەردەچوون و یەکیان فراژی دەکرد[9]. کەچی لە سیستمی دێموکراسیدا، بەلەبەرچاوگرتنی بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی قانون، ڕوانینیەکە زۆر جیاواز بوو، دەسەڵات بەهەموو لێکەوتەکانی بۆ مەبەستێکی ئاراستەکراو پاوان نەبوو.

لێکەوتەی جەنگی دووەمی جیهانی لەرووی دەستوری وڵاتان و ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی دادپەروەری (بەهەردوو چەمکەکی کۆمەڵایەتی و دەستورییەوە) خاڵێکی وەرچەرخان بوو. هەر بۆ نموونە گەر سەیری دەستووری وڵاتەکانی هەریەک لە ژاپۆن و نەمسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیای دوای ١٩٤٥ بکەین، کە هۆکاریی کاولکاریی جەنگی دووەم بوون، لەم بەرواره بەدواوە لە دەستورەکان دەستوری مەدەنی نووسراوی ڕەق (وشک)[10]، بەوەی دەستورەکە بۆ هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بە سەنترال و ناسەنتراڵەوە فەرمانبەرداره و کۆتوپێوەندی هەمواركردنی دەستوری تێدایە، کە لە چاوتێبڕینی زۆرینە بیپارێزێ، بەجۆرێک مەترسی نادادپەروەری بۆ سەر کەمینە نەهێڵێ، هەروەها دەقنووسکردنەوەی بڕوانامەی مافەکانی مرۆڤ و سەلماندنی هەژموونی سەربەخۆیی دادوەری هتد...

خۆی ئەگەر ئەمە باری دەستوری وڵاتانی ئەورووپی و یا ژاپۆن بێ و لەدوای جەنگی دووهەمەوە بووبێتە پێشهات، لێ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەها نەبووە، بەڵکو مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بەڵام وەک بە بەڵگەوبەندەوە[11] ڕوونکراوەتەوە، لەپاڵ ئەو حاڵە دەقنووسکراوە لە دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر کاریگەریی پێشهاتەکانی دوای جەنگی دووهەم بووە، دادوەریی دەستوری ئەو بایەخەی لەوێ پەیداکردووە، هەر ئەمەش هێزی پتری داوەتە بەر دامودەزگا دەستوورییەکانی دیکە بە ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەریی دەستوری. بۆ باقی وڵاتانی دیکەش ئەو دادپەرییە دەستوورییە لە ڕێی دادوەریی دەستورییەوە داهێنانێکی نوێ بووە،

له دەستوورەکانی دوای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووە هاتووەتە کایە . (Mauro Cappelletti, 1985, p14-20).

ماورۆ کاپیلیتی قانونناس لە درێژەی نووسینێکی ئاماژە بەڕاستییەکی دیکەی بایەخدار دەکا، بەوەی ڕاستە لە هەریەک لە وڵاتەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا وڵاتی دیکەش دەستوور هەبووە، بەڵام تا جەنگی دووەمی جیهان بەرۆکی پێنەگرتن، ناواخنی ماددەکانی دەستورەکەیان هەر وەک جارنامەیەکی سیاسی-فەلسەفییانە سەیردەکرا، نەوەک دامەزراوەیەکی قانونی، کە فەرمانبەرداری بخوڵقێنێ، هەر بۆ نموونە هیچ دامەزراوەیەکی سەربەخۆی دەستووری نەبوو تا بەسەر جێبەجێکردنەوە شاهید بێ ، مەگەر هەندێ حاڵەتی ڕیزپەڕی تاکوتەرا نەبێ، هەروەک ئەوەی لە دەوڵەتێکی وەک نەمسا لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕوویدا (Cappelletti, 1985, p20-22).

ئەم چەوساندنەوە نێوخۆییەی وڵاتانی ئەوروپا لەدوای جەنگی دووەمە، بەشێوەیەکی دیکە وەرگەڕا، کە جۆرێک لە گرەنتی دەستوری بێتەکایە، هەر بۆ نموونە دەستوری ئاڵمان لە ١٩٥١دا، مافی بەهەر تاکێکی خۆی دا سکاڵا لەسەر هەر دامودەزگایەکی حکومەتدا بکا، کە مافێکی ئەوی پێشێلکردنی، ئەو مافەی کە دەستوور ڕاشکاوانە دانی پێداناوە، پاشان ئەم حاڵەتە ڕیزپەڕە[١٢] بووە ڕێسا و مەبدەئێکی قانونی و لە ١٩٦٩دا بەناوی سکاڵای دەستوری Verfassungsbeschwerdeوە بووە بەشێک لە دەستووری وڵاتەکە، حاڵەتێکی هاوشێوەش لە ساڵی ١٩٧٥ لە دەستوری نەمسا هاتەکایە. ئیدی لە ڕێگەی ئەو دادگا دەستوررییانە بە هەزاران حاڵەتی وەها چارەسەرکرا و مافە سەرەکییەکانی هاووڵاتی لەلایەن دادگا سەربەخۆکانی ئەو وڵاتانە پارێزران (Cappelletti, 1985, p25) .

سەرکەوتنی ئەو پێشهاتە لەدوای جەنگی دووەمەوە بووە دیاردەیەکی دەستوری و کاریگەریی قووڵی لەسەر شێوازی حوکمڕانیی دێموکراسیی لیبرالی وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ (ئەوسا چ لە ڕێی بڕوانامەی سەربەخۆوە بێ یان دەقە ئاخنراوەکانی نێو دەستور)، بووە دیاردەیەکی گشتگیری دەستوری و پێوەر بۆ دێموکراتیزەکردنی کردەی فەرمانڕەوایی.

**داواکاریی سێیەم: دادپەروەریی دەستوری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان**

هەرچەندە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بنەمایەکی جێگیر و دیارخەری دەوڵەتی قانونە، بەڵام کاتێک باسی دادپەروەریی دەستوریی دێتەگۆڕێ، ئەوا دیسان بە توندی پێ لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا دادەگیرێ، بەتایبەتیش هەبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ دادوەری. بۆ یەکلاکردنەوەی هەر پرسێکیش کە لە دەرچەدا دادپەروەریی ببێتە سەنگی محەک، ئەوا دادگا وەک بڕیاردەر و یەکلاکرەوە دێتەمەیدان و بایەخی چارەنووسسازییانەی خۆی دەردەکەوێت. ئیدی لەم پێودانگەدا ئەم داواکارییە تەرخانە بۆ پرسی سەلماندنی دادپەروەریی دەستوری لەسایەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

هەریەک لە شانشینی یەکگرتوی بریتانیا و دەوڵەتی فەرەنسا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە پرسە قانونییەکان، ئەوانەی پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، کە دواتر سەری بۆ هێنانەکایەی دادپەروەریی دەستوری کێشا، هەبووە، لێ لە هەمان کاتیشدا، حاڵەتێکی مێژووی نەرێنی لە فەرەنسا بەناوی دادگاوە لە سەردەمی بەر لە شۆڕشی فەرەنسا و لە ئانوساتی شۆڕشەکەدا هابووە، ئەوەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پرسی دادپەروەری هەبووە.

لەو سیستمەدا بەشێوەیەکی سەیریش بێ، دادگاکانی ئەوێ، یان باشتر بڵێین دادوەرانی ئەوێ ناویان پەرلەمانەکان بووە، دەسەڵاتێکی باڵاشیان هەبووە، بۆیان هەبووە کۆمەڵە ڕێسایەکی

نەنووسراوی وەها پەیڕەوبکەن، کە لەگەڵ قانونی بنەڕەتی شانشینەکەش ناکۆک بێت، سەرباری ئەوەش مافی جێگرتنەوەی دادوەرەکان بۆماوەیی[١٣] بووە، ئیدی وەک پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بنەماڵە سەیرکراوە. ئەم دۆخە بووەتە مایەی نادادی و بەرهەڵستی خەڵککەکە لە دوتوێی شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە، تەنانەت کاتێک قانونناسی بەناوبانگی فەرەنسی مۆنتسکیۆ، کتێبەکەی بە ناوی (گیانی قانونەکان) دەنووسێت، ئەو کەسەی هەر خۆشی لەو توێژەی دادوەرە پەرلەمانییانە بوو، دژی ئەو سیستمە نادادپەروەرە دەوەستێتەوە، بە بۆچوونی ئەو بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نەبوو دادوەرە پەرلەمانییەکان ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەیان هەبێ، ئەوەی بە لای دەسەڵاتی سیاسی و جێبەجێکردنەوە دەڕوا، هەر بۆیە پێی وا بوو؛ ئازادی نایەتە ئارا ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی شتەکان لە هەردوو دەسەڵاتی قانونددانان و جێبەجێکردن جیا نەکرێتەوە (Montesquieu,2001, p156-160) .

پرسی بێمتمانەیی بە دادوەران لە وڵاتێکی وەک فەرەنسادا بۆ پاشخانە کلتوری و سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش بۆ پێش شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، چونکە دادوەرەکان کە پێیان دەگوترا پەرلەمانەکان دەسەڵاتێکی باڵایان هەبوو، پیشەکەشیان بۆماوەیی بوو. نەوەک هەر کێشەکانیان بەگوێرەی قانونی پاشا یەکلادەکردەوە بەڵکو هەر خۆیان داهێنەری ڕێسا و قانونی یەکلاکردنەوەی کێشەکانیش بوون، هەر بۆیەشە کاتێک مۆنتسکیۆ هزرە پرەنسیپە ناودارەکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دادەڕێژێ، لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی قانونددانان و جێبەجێکردندا، پێگەیەکی شیاوی هاوشانی ئەوان ناداتە دادوەران. لێکدانەوەی ئەوەش بە شێوەیەکی ژیریێژییانە بووە، چونکە حوکمدانی دادوەر لەسەر بنەمای قانون یان ڕێسایەکی پێشوەختە دارێژراو، کەواتە نابێ دادوەر دەسەڵاتێکی دارێژەرانەی هەبێت، بەڵکو دەسەڵاتی حوکمدانێک بەگوێرەی قانونی بەردەست، کەواتە قانون پێشینە سەرەکییەکەیە، واقیعی ناکۆکی دوولایەنەکەش لەسەر شتێک پێشینەی دووەمە و حوکمدانەکەش ئەنجامەکەیە، ئیدی بەم شێوەیە متمانەنەبوون بە دادوەر ناگەڕێتەوە بۆ تیۆریی دیموکراسی خۆی، بەڵکو بۆ سەروەریی قانون، چونکە سەروەری بەگوێرەی فەلسەفەی شۆڕش بۆ گەل دەگەڕایەوە، گەلیش لە ڕێی نوێنەرانی قانون دادەڕێژێ، کەواتە عیبرەتەکە لە دارشتنی قانونەکانە، کە ڕەوایەتیی خۆی لەگەڵ خۆی دایە.

هەر ئەم بیرۆکەی سەروەریی قانونە لەسەرەتاوە ڕێگر بوو لەوەی دادوەر لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەقی قانون زیاتر هیچی دیکەی نەبێ، واتە دەسەڵاتی ڕاڤەکردنی قانونیشی نەبێ. پاشخانی ئەم دەربڕینەش هەر بۆ پێش شۆڕش دەگەڕایەوە، چونکە ڕێسایەکی فەرەنسی هەبوو بەوەی ئەوەی قانون ڕاڤەدەکا داشیدەڕێژێ، بەم جۆرە پەلەمانەکان (دادگاکان)ی پێش شۆڕش لەم مافە بێبەش کرابوون. ئەم دۆخە تا ساڵی ١٨٢٨ درێژەی کێشا، ئەو کاتەی دادگای هەڵوەشاندنەوە و لە ڕێی مادده چواری مەدەنی قانونی فەرەنسی دۆخەکەی گۆڕی، چونکە ڕێسایەکە ماددەی چوار ئەوە بوو: ناکرێ بە بەهانەی بێدەنگبوونی قانون یان ناڕوونی یان کە بابی پێویست دەقێکی بۆ نەبێ، دادوەر خۆی لەپرسی یەکلانەکردنەوە حوکم نەدان ببوێرێ" هەرچەندە ئەم ڕێسایە سەبارەت بە گرێبەستی نێوان دوو کەس بوو، لێ دواتر گشتگیر کرا و بووە دەروازەیەک بۆ ئەوەی دادوەر دەسەڵاتی ڕاڤەکردنیشی پێبدرێ. ئەم پێشینەیە پەرەیسەند بۆ ئەوەی دادگا لە دەسەڵاتی حوکمدان بەگوێرەی قانون بۆ ڕاڤەکردن هەڵبکشێ و پاشان دەسەڵاتی چاودێریکردن و پێداچوونەوەی دەستوورییانەی قانونەکانیش لەخۆ بگرێ. ئەنجومەنی دەستوری وەک دەزگایەکی دادوەری بۆ پرسی ڕەوایەتیی دەستور هاتەکایەوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی (Michel Troper,1995, p273-274 ).

جیاکردنەوەنەکە ئەوەندە شتێکی یەکلاکەرەوەیە، تەنانەت بە بۆچوونی مۆنتسکیۆ ئەگەر هاتوو قانونەکە کوێرانە و نادادپەروەرانەش بێ، ئەوا بۆ دادوەر نییە خۆی تێهەڵبقورتێنێ و پەیڕەوی نەکا، بەڵکو ئەرکەکە لەسەر شانی قانوندانەرە بیگۆڕێ. ئەرکی داوەر ئەوەیە بەشێوەکی نابینایانە لەسەر قانونەکەی بەردەستی بڕوا. "دادوەر بۆ گەل لە دەمێک کە وشەکانی قانون گۆدەکا، زیاتر نییە. ئەوان بوونەوەرێکی زیندوو نین تا توند و زبری قانونەکەی بەدەرستیان سووک بکەن (Montesquieu,2001, p163).

هەرچەندە مۆنتسکیۆ لێرەدا، دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتەکانی دیکە جیادەکاتەوە، لێ لە هەمان کاتیشدا دان بە دەسەڵاتی دادوەری نانێت وەک دەسەڵاتێکی هاوشان لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی قانوندانان و جێبەجێکردندا (Montesquieu,2001, p163-165). بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە، بەگوێرەی بۆچوونی ماورۆ کاپێلێتی (Cappelletti, 1985, p25)

هەرچەندە هزر و بیری مۆنتسکیۆ کاریگەری بەسەر شۆڕشی فەرەنساوە هەبوو، لێ ئەم بیرۆکەیە هەر بە بەشێک لە ئایدیۆلۆژی شۆڕشەکە مایەوە، چونکە شۆڕش لە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی خۆیدا دەسەڵاتی(سەروەری) ڕەهای دابووە قانونی دانراو[١٤]، ئەو قانونەی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیە و هەر لەلایەن ئەوانەوە (نوێنەرانییەوە) دادەڕێژرێ، بەم جۆرە پێگەی دادوەرانی بە نزمتر سەیر کردووە، چونکە ئەرکیان جێبەجێکردنی قانونی دانراو بووە، کەواتە دادپەروەرییەکە لە خودی قانونەکەوە سەرچاوەدەگرێ. لێرەشدا جۆرێک لە بەرجەستەکردنی بیروڕای ژان ژاک ڕۆسۆ و هاوبیرەکانی دیکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەبینرێتەوە، بەوەی قانون دەربڕینێکی بێخەوشی ئیرادەی گشتییە، کە بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنیادنراوە.

کاتێکیش سەیری پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکرێ و لەگەڵ پرسیپەکەی فەرەنسا، بەتایبەتیش ئەوەی لەسەر ڕێنمایی کتێبی گیانی قانونەکانی مۆنتسکیۆ ڕۆنراوە، جیاوازییەکی گەورە دەبینین. ئەوە ڕاستە کە دەستوری ئەمریکا بە پرنسیپەکەی مۆنتسکیۆ کاریگەر بووە، بەڵام بەهەمان شێوە جێبەجێی نەکردووە، چونکە لە نموونەکەی فەرەنسا ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لاوەکی[١٥] بووە، زیاتر جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ڕۆڵی دەسەڵاتی قانوندانان و جێبەجێکردن کراوەتەوە، کەچی لە نموونەکەی ئەمریکا تا ڕاددەیەک بە پێچەوانە بووە، چونکە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە بنەمای چاودێری و هاوسەنگی (checks and balances) وەستاوە. ڕۆڵی چاودێریکردنی هەردوو دەسەڵاتەکەش لە پەیڕەوکردنی بنەمای چاودێری و هاوسەنگی بە دەسەڵاتی دادوەری سپێردراوە( Hugh Brohgan, 1999, p 210-214).

کەواتە بە گوێرەی بۆچوونی ماورۆ کاپێلێتی بێ نەبوونی ئەو چاودێرییە، کورتهێنییەک بووە بۆ بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر نموونەی مۆنتسکیۆی فەرەنسی، چونکە هەردوو دەسەڵاتی قانوندانان و جێبەجێکردن دەستیان کراوە بووە و نەخراونەتە بن چاودێریی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو قانونانەی خۆیان دەریاندەکەن و جێبەجێیان دەکەن، بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستەش نموونە بە سێ ماددەی قانونێکی بەناوبانگی ئابی ١٧٩٠ دەهێنێتەوە[١٦]، کە تیایدا ڕوونکراوەتەوە ڕێگە بە بەهیچ هەژموونێکی چاودێریی دەسەڵاتی دادوەری بەسەر کاری قانوندانان و کارگێڕییەوە نادا (Cappelletti, 1985, p25-30) .

ڕەوتی مێژووی قانونی، بەتایبەتیش دەسەڵاتی دادوەری لەنێو هەناوی دەسەڵاتی کارگێڕییەوە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەشێوەیەکی ئەوەندە کارا سەری هەڵدا، کە بووە نموونەیەکی بەرچاو بۆ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سیستمە قانونییەکانی سەرتاپای کیشوەری ئەوروپا و لەوێشەوە بۆ جیهانی دیکە، کە دواتر میسر و لە ڕێگەی میسریشەوە عێراق چاویان لێکرد، ئەم سیستمەش بە ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی دەناسرێتەوە، کە بووە دەزگایەکی دادوەری گرنگ و کاریگەر سەبارەت بە چاودێریکردنی دەسەڵاتی کارگێڕییەوە، لە ئەنجامی بێلایەنیی دادوەر و گوێگرتن لە لایەنە ناکۆکەکان لەبەردەم لقوپۆپەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتدا، کە بووە مایەی چەسپاندنی دادوەریی کارگێڕی لەوێشەوە چەسپاندنی پایەکانی دادوەریی دەستوری (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ماڵپەڕی ئەنجومەنی دەوڵەت( http://english.conseil-etat.fr/ ).

هەر لە کیشوەری ئەوروپاوە بەراورد بەو سیستمە قانونییەی فەرەنسا، سیستمێکی قانونی دیکەش هەیە، کە هی ئینگلستانە. لەوێدا دادوەرەکان ئەو ناوبانگە خراپە نارەزایەتییە گشتییەی لەلایەن هاووڵاتیانیانەوە وەک دادگا پەرلەمەناکانی فەرەنساوە نەبوو، هەروەها سیستمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەوێش، بەوە دەناسرایەوە، کە تارادەیەک بە دەسەڵاتی ڕەهای پەرلەمان جیادەکرایەوە، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵگەڕانەوەی لەمێژینەی خەڵکەکەی بوو، لە دژی دەسەڵاتی ڕەهای پاشاوە.

ئەم جیاوازییە ڕوانینە بۆ دەسەڵاتی دادوەران بۆ باری هەبووی سیستمی دادوەرە پەرلەمانییەکان و بۆ هزری مۆنتسکیۆ دەگەڕایەوە لە فەرەنسا، هەرچی لە ئینگلستان بۆ هزری بیرمەندێکی لیبرالی وەک جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤) دەگەڕایەوە، چونکە بەلای ئەوەوە دادوەریکردن دەسەڵاتێکی لاوەکی نەبوو، یان بەشێک نەبوو لە هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە کەمتر، یاخود سەر بە ئەوانەوە بێ (JoHN Locke, 1999, P 296-300).

کاتێک بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بەتایبەتیش دادپەروەریی دەستوری کە خۆی لەم سێ خاڵە سەرەکییەدا دەبینێتەوە؛ کۆمەڵە ماف (مافنامەکان) و ڕێوشوێنی جێبەجێکردنیان و دامەزراوەی دادوەریی دەستوری، ئەو پرۆسەی بەشێوەیەکی ڕێژەیی و لەم ساڵانەی دواییدا پێیدەگوترێ بە مافپەروەریکردنی سیاسەت، هەلومەرجی تایبەت بەخۆی پێویستە، واتە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەو پێویستە ئەم دەسەڵاتە (١) توانادار بێ و لێهاتوو بێ، ئینجا (٢) دەربڕی ئەرکەکە و پەیامەکەی خۆی بێ، واتە سەربەخۆ بێ، بەو واتایەی نەکەوێتە بن هەژموونی فاکتەرەکانی دەرەکی لە هەردوو دەسەڵاتی قانوندانان و جێبەجێکردنەوە ئینجا (٣) بازنەی دەسەڵاتەکانی فراوان بێ، دەرەقەتی ڕاییکردنی ئەرکە کە بیت، هەردوو خاسیەتی یەکەم و دووم پەیوەستن بە بێلایەنی و سەربەخۆیی، هەرچی خاسیەتی سێهەمیشە پەیوەستە بە کاریگەریی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی. کاتێکیش باسی بێلایەنی و سەربەخۆیی دەکرێ، ئەوا لەبەردەم دوو پرسی گرنگتر دەوەستینەوە، کە دوو قۆناغی پەیوەستن بە پێگە و لێهاتووی خودی دادوەرەکە؛ یەکەمیان چۆنیەتیی بوونە دادوەر، واتە قۆناغی پێش سەربەخۆیی کارەکەی، هەروەها قۆناغی دوای سەربەخۆیی، بەوەی ئایا دادوەرەکە لە هەڵسەنگاندنی کارەکەی (بە پاداشت و سزاوە) دەکەوێتە بن هەژموونی کامە دەسەڵاتەوە. لێرەشەوە هەر پرسی سەربەخۆیی و دەسەڵات بە دوو شێوە سەیر دەکرێ، یان دەکرێ دوو نموونەی بۆ بهێنرێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە دەسەڵاتە دادوەرییەکە سەربەخۆیە، بەڵام دەسەڵاتەکەی سنووردارە، نموونەی دووهەمیان دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نییە، کەچی بازنەی دەسەڵاتەکەی بەرفراوانە. هەردوو جۆرەکەشیان مایەی تێبینی و ڕەخنەن بەوەی مەبەستی دادپەروەری بە ڕێکوپێکی ناهێننەدی، لە هەردووکیشیان دوو دەسەڵاتەکەی دیکە هۆکارن (Brinks and Blaas, 2017, p 42- 45) .

كاتێک ئەم پێوەرانەی دەبنە سەنگی محەک بۆ سەربەخۆی و بێلایەنی دادوەر و دەزگای دادوەری ئەوسا لەگەڵ وڵاتانی جیهانی سێ، بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتێکی وەک عێراقدا بەراورد بکرێ، لەوانەیە لێکەوتەکە وەک خۆی نەیەتەوە، چونکە بەلای کەمییەوە بوونە دادوەر بەگوێرەی سیستمێکی دەڕوا کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبێ، یان بەواتایەکی دیکە دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی کاریگەری لە بەدیهێنانیاندا هەبێ، ئاشکراشە بەرژەوەندە سیاسییەکان لەم وڵاتەدا چ ڕۆڵێکی هەیە، هەر بۆیە لەو ڕەخنانەی لە دادگای باڵای ئیتحادی دەگیرێ، بەلای ئینتمای سیاسیی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەشکێتەوە، کە دیارە کامە پێکهاتەی پێکهێنەری دەسەڵاتداریی باڵادەستی وڵاتە. کاتێک ئەم تێبینییە ڕەخنەییە لەسەر عێراق وەک حکومەتی ئیتحادی هەبێ، ئەوا بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە لەسەر ڕەوشی قانونی دامەزراوەی دادوەری لەسەر هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، چونکە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا لەم بوارەدا لە پلەیەکی خوارترەوەیە.

**ئەنجام**

بۆ بەدواداچوونی بابەتی دادپەروەریی دەستوری، دەبووایە بابەتەکەمان تێهەڵکێشێک بێ لە بازنە و مەودای سێ زانستی لەیەک جیاوازی کارلەیەککەر، ئەوانیش فەلسەفە و سیاسەت و قانونن.

هەرچەندە دەستەواژەی دادپەروەریی بە قانون پەیڕەو دەبێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دادپەروەریی زاراوەیەکی ئاکاری و فەلسەفەیە، ڕەگوڕیشە فەلسەفییەکەی بۆ سەرەتای هزری مرۆڤ دەگەڕێتەوە، لە هزری دینیشدا بووەتە خاڵی بنگەیی بەوەی خێر و چاکەی گشتی پێ لە سەنگی محەک دراوە. بۆ ئەوەی هێزی سەپاندن و سەلماندیش بدرێتە دادپەروەری، ئەوا قانون بە سیما سەرەکییەکی خۆی هاتووەتە مەیدان [ڕێسایەکی گشتی و بە هێز بۆ ڕێکخستنی قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی هاتووە] کە مەبەستی ڕێکسختنی کاروبار و بەدیهێنانی دادپەروەرییە.

ئەوەی لەو توێژینەوە سەبارەت بە بابەتی تێکچڕژاوی دادپەروەریی دەستوری گەیشتوین، خودی دەرچەکە نییە بەقەد ئەوەی گەرەنتی بەرجەستەکردنییەتی، واتە ئەو ئامراز و ڕێکارانەی ئەو پرسە داخوازەی مرۆڤایەتییە، کە لەچوارچێوەی ڕێساگەلێک بۆ قەوارەیەکی ڕێکخراو پەیڕەو دەبێت. ئیدی کاتێک زاراوەی دەستوری وەک تەواوکارێک دەچێتە سەر دادپەروەری، ئەوا سەروسیمای گەرەنتییەکان بەشێوەیەکی ماددی دەردەکەون.

هەروەها لە میانەی توێژینەوەکەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە دادپەروەریی دەستوری وەک هاوکێشەیەکی دووتایەی یەکدی تەواوکار ناکرێ پێناسەیەکی ورد و گردەبڕانەی بۆ بکرێ، بەڵکو دەبێ وەک چەمک شیببکرێتەوە و لە وردەکاری هەر دوو لای هاوکێشەکە بکۆڵرێتەوە، هەڵبەت ئەمەشیان لە چوارچێوەی بنەماکانی دەوڵەتی قانونی دیموکراتیش بە باشترین شێوە ڕوخسارەکەی دەردەکەوێ. هەر لە دووتوێی لێکدانی دوولای هاوکێشەکە، بنەمای ڕەوایەتی بۆ سیستمە هاوچەرخیەکان دێتەگۆڕێ، هەر هەوڵ و تێکۆشانێکیش بۆ گۆڕینی سیستمی هەبوو، ئەوسا چ بەڕێگەی ئاشتی (دیموکراسی) بێت یان بەشێوە توندوتیژییەکەی (شۆڕشگێڕی، کە زیاتر لە وڵاتانی جیهانی سێیهەمدا پەیڕەوە)، ئەوا هەر دادپەروەریی دەستوریی پاساودەرە و هەر ئەویش ڕەوایەتی دەداتە گۆڕانکارییەکان.

دادپەروەریی دەستوری هەرچەندە بە شێوەیەکی ڕەها نایەتە دی، بەڵام ڕێساگەلێکی زۆر مەحکەمی لە بنەماکانی دەوڵەتی قانونی دێموکراتیکدا هەیە، بۆیە دیاریکردنی ئەو بنەمایانە و پەیڕەوبوونیان، دەبێتە مایەی گەرەنتیکردنی بەرجەستەکردنی دەوڵەتی قانون. ئەمەش لە دەستوری وڵاتەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، کەتێیدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دانان بە مافەکانی مرۆڤ بە ڕوونی دەقنووس کراوە. دەستور وەک بەڵگەنامەیەکی قانونی هەرەباڵا سەرچاوەی ڕەوایەتیدانە بە سەرجەم قانون و پەیڕە و بڕیارە ئیدارییەکانی خوار خۆی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا. هەر لەبەرڕۆڵە چارەنووسازییەی دەستورییشەوەیە کە ئاوەڵناوی (وەسفی) دەستوری چووەتە سەر دادپەروەی و بووەتە دادپەروەریی دەستوری.

*جیاکردنەوەی کتێب و گۆڤار و سایت*

**وشەدان و پەراێز**

تێبینی: ئەم وشانەی خوارەوە کەلە توێژینەوەکەدا هاتوون بەو واتایەی لەبەرانبەریان نووسراوە، بەکار هاتوون.)

---

١- تەواوعەیار: کامل

[٢] ڕێڕەوشت: سلوک

٣ گەنگەشە: موناقەشە

[٤] بەڵگەوبەند: ئەرگومێنت

[٥]باندۆر: کاریگەریی

[٦] ئاکار: اخلاق، پێمان واتە بازنەی ئاکار لە ڕەوشت بەرفراوانترە.

[٧]هەر بەوناوەش لەدوای کتێبەکەی تیۆریی دادپەروەری، کتێبێکی دیکە بەناوی دادپەروەری چاکەیە دەنووسێ، کە د، هاوژین مەلا ئەمینیش لە عەرەبییەوە کردوویەتییە کوردی.

[٨] میری: هێزی دامودەزگاکانی حکومەت دەگرێتەوە. لەمێژە ئەو زاراوەیە لە فەرهەنگی کوردیدا جێگیر بووە، جێگەی خۆیەتی لە بابەتی قانونیشدا بەکاربهێندرێ.

[٩]مەبەست لێرە جیاکردنەوەی هەردوو شێوازی دەستوورە، واتە دەستوری وشک و دەستوری نەرم. چونکە گۆڕینی یەکەمیان کاتێک پێویستییەکانی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری تێدابێ، بە ئاسانی ناتوانرێ هەموار بکرێ و پێچەوانەکەی بێتە ئارا، لەبەرانبەردا دەستوری نەرم ڕێوشوێنێکیی ئاسانتری بۆ هەموارکردن، کە ئەگەری دژەکەشی لێدەکرێ بێتەپێشەوە. لێرەدا هەر دەستوری هەمیشەیی بە پێوەر دەگیرێ، هەرچەندە دەستوری کاتێیس لە هەندێ وڵات هەبووە، بەڵام بەحوکمی لادانە لە بنەما گشتییەکانی دەوڵەتی قانون، لەم توێژینەوەیەدا حیساب بۆ ئەو دەستورانە نەکراوە، دەستوررە کاتییەکانی عێراق هەر لەگەڵ ڕوخانی پاشایەتی لە ١٩٥٨ تا تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ نمونەیەکی زەقی دەستوری کاتین.

[١٠]فراژیکردن: تەکمیلکردن

[١١] مەبەست لێرە جیاکردنەوەی هەردوو شێوازی دەستورە، واتە دەستوری وشک و دەستوری نەرم. چونکە گۆڕینی یەکەمیان کاتێک پێویستییەکانی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری تێدابێ، بە ئاسانی ناتوانرێ

هەموار بکرێ و پێچەوانەکەی بێتە ئارا، لەبەرانبەردا دەستوری نەرم ڕێوشوێنێکی ئاسانتری بۆ هەموارکردن، کە ئەگەری دژەکەشی لێدەکرێ بێتەپێشەوە. لێرەدا هەر دەستوری هەمیشەیی بە پێوەر دەگیرێ، هەرچەندە دەستوری کاتییش لە هەندێ وڵات هەبووە، بەڵام بەحوکمی لادانە لە بنەما گشتییەکانی دەوڵەتی قانون، لەم توێژینەوەیەدا حیساب بۆ ئەو دەستورانە نەکراوە، دەستورە کاتییەکانی عێراق هەر لەگەڵ ڕوخانی پاشایەتی لە ١٩٥٨ تا تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ نموونەیەکی زەقی دەستوری کاتین.

[١]٢ بەڵگەوبەند: ئەگومێنت

[١]٣ ڕیزپەڕ : شاذ

[١]٤ بۆماوەیی: لە باوکەوە بۆ کوڕ، وراثي

[١]٥ قانونی دانراو: القانون الوضعي، Positive law

[١]٦ لاوەکی: ثانوي

[١٦] مەبەست ماددەکانی ١٠، ١٢ و ١٣ی قانونی شۆڕشی فەڕەنسای ١٦-٢٤ ئابی ١٧٩٠ه.

## لیستی سەرچاوەکان


ALEC STONE SWEET, A Kantian system of constitutional justice: Rights, trusteeship, balancing, *Global Constitutionalism (2017), 6:3, 377-411 © Cambridge University Press, 2017/* - HeinOnline.org

Anton -herman Chroost and David L. Osborn, Aristotle`s Conception of Justice, Notre Dame Law Review, Volume 17/Issue 2 (http://scholarship.law.nd.edu/ndlr).

Aristotle, *Nicomachean Ethics*. Translated by W. D. Ross. Chicago: The University of Chicago Press, 2009.

Aristotle, Nicomachean Ethiks, T; W.D. Ross. Battoche books, Kitchner 1999.

Daniel M. Brinks and Abby Blass ،*Rethinking judicial empowerment: The new foundations of constitutional justice https://heinonline.org*

Michael Pakaluk, Aristotle`s Nicomachean Ethics an introduction, Cambridge university Press, 2005.

Hart, H. L. A. *The Concept of Law*. Oxford: Oxford University Press 1994.

John Locke, Two Treatises of Government, Edition with an introduction and notes by Peter Laslett, Student Edition, Cambridge university press, 1999

John Rawls, *Justice as Fairness,* A RESTATEMENT, Harvard Universitty press, 2001.

Hugh Brogan, The longman History of the United States of America, Second Edition, , Longman London and New York 1999.

Martha C. Nussbaum, Creating Capabilities, The human Development Aproch, Harvard university press, 2011.

Mauro Cappelletti, REPUDIATING MONTESQUIEU? THE EXPANSION AND LEGITIMACY OF "CONSTITUTIONAL JUSTICE". https://heinonline.org/.

Montesquieu, The spirit of Law, Cambridge text in the history of political thought.

Michel Rosenfeld, *A Pluralist Theory of Constitutional Justice: Assessing Liberal Democracy in Times of Rising Populism and Illiberalism* ,Oxford University Press, 2022

Pablo Catillo-Ortiz, THE DILEMMAS OF CONSTITUTIONAL COURTS AND THE CASE FOR A NEW DESIGN OF KELSENIAN INSTITUTIONS, Law and Philosophy (2020) 39: 617–655 The Author(s) 2020.

Rawls, J *A theory of justice* (Revised edition). Harvard University Press, 1999.

Ronald Dworkin, Freedom`s Law, The moral reading of the American Constitution, Oxford University Press, 2005.

Ronald Dworkin, Law`s Empire, Harvard University Press, 1986.

Sara Lagi, Hans Kelsen and the Austrian Constitutional Court (1918-1929), Co-herencia, vol. 9, núm. 16, enero-junio, 2012.

*Schnutz Rudolf Dürr, Comparative Overview of European Systems of Constitutional Justice, ICL-journal Vol 5 2/2011*

*Trevor R. S. Allan, Constitutional Justice: A Liberal Theory of the Rule of Law , Oxford University Press, 2003*